گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 14, No. 3, pp. 597–614, July-September-2026.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# گرنگی کتێبی (الذخائر والتحف) لە ڕوانگەی شارستانی ئیسلامی

تابان صباح پیربال[1]*
[1] پشکا مێژوو، کۆلێژا ئاداب، زانکۆیا سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ-عیراق.

وەرگرتن: 2026/01 پەسەندکرن: 2026/04 بەلاڤکرن: 2026/08 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2026.14.3.1781

**پوختە:**
کتێبی(الذخائر والتحف)ی(القاضي الرشيد بن الزبير) لە سەدەی پێنجەمی کۆچی لە دەوروبەری ساڵی (٤٦٣ک/١٠٧٠ز) نوسراوە، یەکێکە لەم کتێبە دەگمەن و دانسقانەی کە زانیاری گرنگی لە خۆ گرتووە لە بوارە جیاجیاکانی ئەم کاتەی شارستانیەتی ئیسلامی، بە تایبەتی ئەو ڕێوڕەسم و بۆنانەی کە لایەن خەلیفەکانی عەباسی و دەسەڵاتداران پەیڕەو کراون لەم سەردەمەی کە نوسەر تیایدا ژیاوە، لەمە گرنگتر کە نوسەر خۆی فەرمانبەری دەوڵەت بووە، بینەری ڕاستەوخۆی بەشێک لەم زانیاریانە بووە کە یادداشتی کردوون، خۆی شایەتحاڵ بووە جگە لە بەکارهێنانی هەندێ سەرچاوە کە لە ئێستادا نەماون. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە جگە لە ژیاننامەی نوسەر و ڕێبازی نوسینی کتێبەکە تیشک بخرێتە سەر گرینگی زانیارییە شارستانی و دەگمەنەکانی ئەو سەردەمە لە نێو کتێبەکە بە تایبەتی کە لە سەرچاوەکانی تر باسیان لێوە نەکراوە و بەدی ناکرێ وەکو ئاڵ و گۆڕی دیاری لە نێوان خەلیفەو دەسەڵاتداران و ڕێوڕەسمی بۆنەکان (ئاهەنگی هاوسەرگیری-خەتەنەکردن- پرسە- کردنەوەی کۆشکی نوێ-دانانی جێنشین) و پێشوازی لە وەفد و نێردراوان و هەڵسوکەوت و جل وبەرگ و خشڵ و جوانکاری بۆن و بەرام و کەل و پەلی نێو کۆشکەکانیان هەروەها ئەو پاشماوانەی کە لە دوایان ماوەتەوە، گرنگترین ئەنجام لەم توێژینەوەیە بەدەستمان کەوتووە ئەو پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسیانەیە کە لە نێوان خەلیفە و دەسەڵاتداران لە نێو خۆ و لە دەرەوە هەبووە، هەر لەمەشەوە ئاشنادەبین بە ئاستی سیاسی دبلۆماسیەتی وئابوری و شارستانی و پێشکەوتویی ئەو سەردەمە.

**کلیلە وشەکان:** ابن الزبیرن، الذخائر والتحف، شارستانی ئیسلامی، ڕێوڕەسم و بۆنەکان.

**پێشەکی**

هەر دەستنوسێکی مێژوویی کە نوسراوە لە هەر یەک لە سەردەمەکان تایبەتمەندی وگرنگی خۆی هەبووە لە بوارێکدا، لە مێژووی ئیسلامیشدا چەندەها جۆری کتێبمان هەیە کە هەریەکەیان تایبەتە بە سەردەمێک یا لایەنێک لە لایەنەکانی مێژوو و شارستانیەتی سەردەمەکە.

کتێبی (الذخائر والتحف)یش لە لایەن (ابن الزبیر) نوسراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەم تا سەدەی پێنجەمی کۆچی ژیاوە، بە هۆی ئەوەی کارمەندی پێشوازی کردن بووە لە وەفدو نێردراوان لە دەرباری فاطمیەکان، زۆربەی ئەو زانیاریانەی کە تۆماری کردوون خۆی شایەتحاڵ بووە جگە لە بەکارهێنانی هەندێ سەرچاوە کە لە ئێستادا نەماون، کتێبەکە یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگ و دانسقانەی لە بواری شارستانی تایبەتمەند بە ژیان و گوزەرانی نێو دەرباری خەلیفەو دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە، زۆربەی ئەو زانیاریانەی کە لەنێو ئەم کتێبەدا دەست دەکەوێ لە سەرچاوەی دیکەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە یاخود زۆر کەمن. بۆیە ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە دەرخستن و بەرجەستەکردنی ئەو زانیاریانەیە بۆ نیشاندانی مێژووی شارستانیەتی ئیسلام لەو سەردەمەدا.

میتۆدی توێژینەوەکە مێژوویی و شیکاری دەستنیشانکردنی لایەنە شارستانیەکانی کتێبەکەیە پۆلێنکردنی ئەم لایەنانە بەسەر چەند بوارێکدا کە هەریەکەیان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە سێ تەوەری سەرەکی پێک هاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر ژیان و کەسایەتی نوسەرو دواتر ناساندنی کتێبەکە و ئەو ڕێبازەی نوسەر گرتوویەتیە بەر لە پۆلێن کردنی بابەتەکان و خستنەڕووی زانیارییەکانی، دیاری کردنی گرنگترین ئەو سەرچاوانەی بەکاریهێناون. لە تەوەری دووەمدا بە فراوانی تیشک خراوەتە سەر یەکەیەکەی ڕێوڕەسمەتایبەتەکانی خەلیفەو میرو والی و سەرکردەکان و ئاڵوگۆڕی دیاری لە نێوانیان، جگە لە ڕێوڕەسمی بۆنەو داوەتنامەکان و پێشوازی لە وەفدو نێردراوان و چاوپێکەوتنی سەرکردەکان بە تایبەتی ڕێوڕەسمی خەتەنەکردنی منداڵانی خەلیفە کە لە سەرچاوەی تردا بە ئەستەمی باسکراون، سەرباری جل وبەرگ وخشڵ و بۆن و بەرامەکانیان.

لە تەوەرەی سێیەمدا تیشک خراوەتە سەر گرنگی لایەنی شارستانی کتێبەکە لە مێژووی شارستانی ئیسلامیدا کە خۆی دەبینێتەوە لە وەسف و باسی کۆشک و تەلاری خەلیفە

[*] ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

ودەسەڵاتداران و خەزێنەكانیان و كەل و پەلی نێو كۆشک و تەلارەكان وەكو فەرشی ڕایەخ و دیوارەكان، ئەو پاشماوەو میراتەی لە خەزێنەكان لە دوایان بە جێماوە.

**توێژینەوەو كارنامەكانی پێشوو:**

لە بارەی شارستانیەتی ئیسلام لە زۆربەی بوارەكان كاری لەسەر كراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەی ئێمە زانیاری گرنگ و دەگمەنی ووردی تیایە كە تایبەتە بە ژیان و كەسایەتی خەلیفە و ناو كۆشكەكانیان و هەندێ ڕێوڕەسمی تایبەت كە لە كتێبی مێژوویی تردا بەر چاو ناكەون، جگە لە توێژینەوەک كە لە زانكۆی (المستنصرية)لە بەشی مێژوو لە لایەن توێژەرێک لە ژێر ناونیشانی(هدايا الخلفاء العباسيين من خلال كتاب الذخائر والتحف) كە تەنیا ئاماژە بەیەک بابەتی نێو كتێبەكە دەكات كە ئاڵ و گۆڕی دیاری نێوان خەلیفەكانی عەباسییە ، بەڵام خۆی ئەم كتێبە چەندان سەركردە و میرو دەسەڵاتداری تری تیا باسكراوە جگە لە چەندین بابەتی شارستانی ئەم سەردەمە.

**دیارترین سەرچاوەكانی توێژینەوەكە:**

بەهۆی سروشتی توێژینەوەكە كاركردنە لە بارەی سەرچاوەیەكی ڕەسەن كە دەستنوس بووە ساغ كراوەتەوە، بۆیە زیاتر پشتمان بە خودی كتێبەكە بەستووە، بۆ پشت ڕاستكردنەوەو ڕوونكردنەوەو دەوڵەمەند كردنی توێژینەوەكە گەڕاوینەتەوە بۆ سەرچاوەی تر، لەوانە (المسعودي)م (٣٤٦هـ/٩٥٧م) كتێبی (المروج الذهب) هەروەها (الغساني)م (٨٠٣هـ/١٤٠٠م) كتێبی (العسجد المسبوک والجوهر المحكوک لطبقةالخلفاء والملوک) جگە لە (الغزولي)م (٨١٥هـ/١٤١٢م) كتێبی (المطالع البدور في المنازل السرور) هەروەها (الطبرسي)م (٥٤٨هـ/١١٥٣م) كتێبی (مكارم الأخلاق)، چەندان سەرچاوەو ژێدەری تر.

## ١.١. كەسایەتی (القاضي الرشيد بن الزبير) وناساندنی كتێبی (الذخائر والتحف)

### ٢.١. ژیاننامە

ناوی لە كتێبەكانی ژیاننامە و كەسایەتییەكان نەهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی سەرچاوەسەک بە (اأبو الحسين احمد بن الرشيد بن القاضي الزبير ) ناوی هاتووە ، ناسراوە بە (ابن الزبير) یا (القاضي الرشيد بن الزبير)(الغزولي، ٢٠٠٠، ١/ ٥٨).

دەربارەی لە دایكبوون و ژیانی بەهەمان شێوە هیچ زانیاریەک بەدەستەوە نییە، بەڵكو لە ڕێگەی یەكێک لە دەقەكانی نێو كتێبەكەی خۆی بۆمان بەدیار دەكەوێ كە ناوبراو فەرمانبەری پێشوازی كردنی وەفد و نێردراوەكان بووە لە دەرباری فاطمیەكان لە ماوەی پێش ساڵی (٤٤٤ک/ ١٠٥٢ز) بەپێی ئەودەقەی كە دەڵێ (میخائیل) مەلیكی ڕۆم لەم ساڵەدا لەگەڵ نێردراوی خۆی چەند دیارییەكی بەنرخی نارد بۆ (المستنصر بالله)(٤٢٧-٤٨٧ک/١٠٣٥-١٠٩٤ز) ی هەشتەم خەلیفەی فاطمیەكان لە ماوەی وەزارەتی (علي بن الحسن بن عبدالرحمن اليازوري) بۆ (تنیس)[1] هەموویم بە چاوی خۆم بینی (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٧٦)واتا لە سەرەتای تەمەنیدا لەم پۆستەكاری كردووە. هەر لەم پلە و پۆستە ماوەتەوە تاكاتی

نووسینی كتێبەكەی لە دەوروبەری ساڵی (٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز) بە پێی ئەوەی كە دەڵێ میر (ناصر الدولة أبو علي الحسن بن حمدان) لە ساڵی (٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز) دیاری نارد بۆ (ڕۆمانوس) (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٨٥).

ساغكەرەوەی كتێبی (الذخائر والتحف) وای بۆ دەچێ كە (ابن الزبير) لە خزمەتی سوڵتان (أبي كاليجار بن سلطان الدولة بن بهاء الدولة)[٢]یش بووە، جگە لەوەی كە لە یەكێک لە گێڕانەوەكانی چەندان نازناوی گەورەی بەكار هێناوە بۆ (أبي كاليجار) (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٧٨)، كە ئەمەش بەڵگەیەكە لە خزمەتی ئەودا بووە. بەڵام لە دوای نەمانی دەسەڵاتی بوەیهیەكان لە عێراق و دیاركەوتنی دەسەڵاتی سەلجوقیەكان (ابن الزبير) گەڕاوەتەوە بۆ مصر دەستبەكاربووە لە لای فاطمیەكان پلە و دەسەڵاتیان پێداوە تاوەكو مردنی لە سەدەی پێنجەمی كۆچی، وە هۆكاری كۆچەكەشی زێدی خۆی بووە جگە لەوەی (شیعە) مەزهەب بووە، نەیتوانیوە لە ژێر دەسەڵاتی سەلجوقی سوننە مەزهەب بمێنێتەوە، وە زانراوە ئەم سەردەمە ناسراوە بە بوونی گفتوگۆ و بیروڕای جیاواز لە نێوان سوننە و شیعە لە عێراق و دەوروبەری (محمد حميد الله،١٩٥٩، ١٣- ١٤).

### ٣.١. ناوی كتێبەكە:

كتێبەكەی بەچەند شێوەیەک ناوی هاتووە (كتاب العجائب و الطرف والهدايا والتحف، كتاب العجائب والتحف) كە مێژوونوس( الغزولي م (٨١٥هـ/١٤١٢م) هەشت جار بەم شێوازە ناوی كتێبەكەی بردووە (٢٠٠٠، ٦١/١؛ ١٣٨/١؛ ٢٣٣/١؛ ٤٠/٢؛ ١٦٢/٢؛ ١٨٩/٢).

جگە لە مێژوونوسی گەورە(المقريزي)م(٨٤٥هـ/١٤٤١م) كە ئەویش لە چەند دەقێكدا ئاماژە بەم كتێبەی (ابن الزبير) دەكات بە شێوەی (وقال في كتاب الذخائر والتحف،قال في كتاب الذخائر) (١١٩٩٨،٤٤٨/١؛٤١٣/١؛٤١٧/١؛٤١٨/١؛٣١٦/١). لەسەر دەستنوسەكەش نوسراوە (كتاب الذخائر والتحف وما كان بالقصر من ذلک وهو كتاب مليح مفيد) ساغكەرەوەی كتێبەكە (محمد حميد الله) (ابن الزبير،١٩٥٩، ١٢٠).

نووسینی لەم جۆرە كتێبە بەر لە (ابن الزبير) كەم بووە، ئەوەی كە ئاماژەی بەم جۆرە زانیاریانە كردووە (المسعودي)ە كتێبی (مروج الذهب) لە یەكێک لە دەقەكانی دەڵێت (دەربارەی مصر هەواڵی سەیر هەیە لەبارەی گۆڕ و چۆنیەتی دروست كردنیان و ئەم كەل و پەلانەی كە لەم گۆڕانە هەیە هی مەلیک و پاشاكانە دێینە سەر ئەم جۆرە هەواڵانە لە نێردراوی خەلیفە و ئەوەی بۆیان هاتووە لە كتێبی (المعارف وماجرى في الدهور السوالف)(١٤٠٩هـ، ٤١٠/١)، ئەم كتێبە ونە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، كتێبی تریش لابەلا بەم جۆرە ناونیشانە ناویان هاتووە بەڵام نزیكن لە كتێبی ئەدەبی بەحوكمی ئەوەی پڕە لە شیعر و پەخشان (ابن الزبير،المقدمة المحقق،١٩٥٩ ، ١٩).

### ٤.١. پێكهاتە و ڕێبازی نووسینی كتێبەكە:

كتێبەكەی لە چەند بابەتی جۆراوجۆر پێكهاتووە، كە گێڕانەوەیە لە بارەی چەند بابەتێک وە زیاتر دەتوانین بڵێین

تایبەتمەندە بە خەلیفە و سوڵتان و دەوڵەتداری و شارستانیەتی ئیسلام، پێکهاتەی کتێبەکە:

- دیاری مەلیک و گەورە میرەکان-ئاهەنگ و داوەتە بەناوبانگەکان-کاتی و کۆبوونەوەی بەناوبانگەکان-چیرۆکی شتە سەیر و نامۆ هەڵگیراوەکان-میراتە ماوەکان- غەنیمەی فەتحەکان- خەرجیەکان

کە هەر یەکەیان لە چەند گێڕانەوەیەک پێک هاتووە ئەو بابەتەی زۆرترین گێڕانەوەی لەخۆگرتووە دیاری مەلیک و گەورە میرەکانە لە دوای ئەو پاشماوە و کەل و پەلە سەیرو سەمەرەکان و هەڵگیراوەکانەجگە لە باسی چەند جۆرێکی مەراسیم بۆنەی جیاواز و پێشوازی لە وەفد و نێردراوەکان...هتد.

### ۱.٥. سەرچاوەکانی کتێبەکە

بێگومان (ابن الزبیر) کە ئەم کتێبەی نووسیوە، زانیاری و سوودی لە چەندان سەرچاوەی بەر لەخۆی وەرگرتووە و لە هەواڵ و گێرانەوەکانی ئاماژەی پێکردووە و ناوی نزیکەی ۲۲ کتێبی هێناوە، لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی ئەو زانیارییانەی کە تۆماری کردووە خۆی بینیوویەتی بە هۆی ئەوەی پلەی ئیداری هەبووە بەتایبەتی زانیارییەکانی سەردەمی خۆی لە نێو ماڵباتی بوەیهیەکان لە عیراق و دواتر فاطمیەکان لە مصر.

لە دیارترین سەرچاوەکان:

- کتاب بغداد (احمد بن أبی طاهر (طیفور) کە دەڵێ قال أحمد بن أبی طاهر في كتابه المعروف ب(كتاب بغداد) زانیاری لێوەر گرتووە لە بارەی خەلیفە (المتوکل) ئەو دیارییانەی لە لایەن دایکی بۆی هاتووە،(ابن الزبیر،۱۹٥۹، ۳۱).ئەم کتێبە یەکێکە لەو بەرهەمە ناوازانەی ماوەی خەلافەتی عباسی سەردەمی (مأمون) بارودۆخی بەغدا لە ڕووداوە سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پایتەختی ئیسلامی دەخاتە ڕوو لەم سەردەمە.
- کتاب سیرة المكتفی بالله (ذيل كتاب بغداد)ی (عبدالله بن أبی طاهر) کە زانیاری لەبارەی دیاریەکانی (برتا)ی کچی (الأوتار) مەلیکی فەرەنج بۆ (المکتفی بالله) ساڵی (۲۹۳ک/۹۰٥ز) کە بەدرێژی باسی دەکات لە چی پێک هاتبوو، جگە لەو نامەیەی کە بەنوسراو بۆی ناردبوو بە ئاوریشمی سپی نووسرابوو بە جۆرە ڕێنووسێکی ڕۆمانی (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ٤۸- ٥۳).
- (كتاب الأحجار)ی (أرسطو) زانیاری لێوەرگرتووە لە بارەی جۆرە بەردێکی سپی کە بۆ نەخۆشی ئاوبەند بوون لە (سکدا) بەکارهاتووە کە شەو تا بەیانی لەسەر ناوکی نەخۆشەکە دەبەسترێت لەبەر ڕۆژ دادەنرێت دوای دووبارەکردنەوەی چەند جارێک چاک دەبێتەوە. (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۸۳). بە پێی بە دواداچون بۆ بەرهەمەکانی ئەرستۆ کتێبی نییە بەم ناونیشانە بەڵام دەکرێ لە (كتاب الحيوان)ی دا باسی لەم جۆرە بابەتانە کردبێکە لە بارەی گیانداران و پێکهاتەو مرۆڤ و بەشەکانی جەستە... هتد دەکات.
- کتاب(الاوراق) للصولي (قال ابو بكر محمد بن يحيى الصولي)، ئاشکرایە زانیاری گرنگ و بە سودی تیایە لە بارەی خەلیفەکانی عەباسی کە دەستنوسەکەی لە دوو بەش پێک هاتووە بەشی دووەی دەستنوسەکە زانیاری سەردەمی خەلیفە (المعتصم)ی لێوەرگرتووە لە بارەی دروست کردنی کۆشکەکەی لە (میدان) بۆ (عباسة)ی خوشکی (هارون الرشید)...هتد (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۱۲۹).
- اخبار مكة للأزرقی: قال أبوالوليد الأزرقي في كتاب المعروف بأخبار مكة، زانیاری لێوەرگرتووە لە بارەی ئەو زێر و پارەیەی کە لە کاتی فەتح کردنی مەککە کراوە بەدیاری. (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۱٥٥). ئەم کتێبەش هەروەک ئاشکرایە باسی مەککە دەکات هەر لە دروست بوونی لە کۆنەوە بە پلەبەندی مێژوویی چۆن بەرەبەرە ئاوەدانی لێدروست بووە، هەموو ئەو زانیارییە مێژوویی و شوێنەوارییانەی کە تایبەتە بەم شارەئەمەش بەڵگەی ووردی و ئاگایی (ابن الزبیر)مان نیشان دەدات کە بۆ هەر زانیارییەک سوودی لە سەرچاوەی تایبەت بە شوێنەکە و بابەتەکە وەرگرتووە تاوەکو بتوانی ڕاستترین و نزیکترین زانیریمان بۆ بگوازێتەوە.
- الطبقات لابن سعد: وذكر محمد بن سعد في كتاب (الطبقات) کە زانیاری لێوەرگرتووە لە بارەی ئەوەی (عبدالله بن الزبير) خانویەکی بەناوبانگی دروست کردبوو لە بەصرە، بازاری لێبووە بازرگانی لێکراوە...هتد (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۲۰۳).

ابن الزبیر ناوی سی کتێبی هێناوە کە لە ئێستادا ئەم سێ کتێبە دیارنین و بزرن ئەمەش یەکێکە لە گرنگی وسودەکانی (الذخائر والتحف) کە ئەمانەن:

۱. کتێبی الأجواد للعلائي (و ذكر العلائي في كتاب (الأجواد) لە میانەی هەواڵی سەردەمی خەلیفە (هشام بن عبدالملک) ناوی هێناوە. (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۱٦).
۲. كتاب صفوة الأذهان کە خەلیفە هارون الرشید کردویەتی بە دیاری بۆ مەلیکی هیند دەکات (ابن ازبیر، ۱۹٥۹، ۲۳).
۳. كتاب ديوان الألباب وسيتان نوادر العقول، ئەمیش بەهەمان شێوەی کتێبی دیاری بووە (ابن الزبیر،۲٦،۱۹٥۹).

جگە لەم کتێبانەی کە ناومان هێنا لە هەمان کاتدا جێگەی خویەتی ئاماژە بەمەش بکەین کە ناوی هەندێ گێڕەرەوەو مێژوونووسی هێناوە بەبێ ناوی کتێبەکانیان، بۆ نموونە: (قال محمد بن جرير الطبرى، قال: المهلبي، قال على بن المنجم، قال: الطبري و ذكر الشعبي، ذكر الواقدي، ذكر المصعب الزبيري) (ابن الزبیر، ۱۹٥۹، ۳۲-۱٦- ۱٦٦...هتد).

### ۱.٦. ڕێبازی (ابن الزبیر) لە کتێبی (الذخائر والتحف)

لە میانەی خوێندنەوە بۆ ئەم کتێبە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە نووسەر ڕێبازێکی تا ڕادەیەک ڕێکخراو تۆکمەی هەیە لە دابەش کردنی بابەتەکانی بۆ بابەتی جیاجیا، کە هەر لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، زانیارییەکانی هەریەک تایبەت بە بابەتەکەی لە بابەت و بەشی خۆیدا تۆمارکردووە.

لە بارەی ڕەچاوکردنی زەمەن و کاتدا تاڕادەیەکی باش ئەم لایەنەی ڕەچاو کردووە، هەرچەند بە شێوازی ساڵ بە ساڵ

نییە بەڵام لە هەر بابەتێکدا کە دەستی پێکردووە بە تۆمارکردنی زانیارییەکان لەسەردەمی بەر لە ئیسلامەوە ئینجا دوای هاتنی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دواتر خەلیفەکانی ڕاشیدی و ئومەوی و عەباسی.

دەربارەی سەرچاوەکانی لە زۆر شوێندا ئاماژەی بە ناوی کتێب و یا گێڕەوەکانی کردووە، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بەڵام لە هەندێ شوێن تەنها بە ئاماژەکردنی (وحدثني- وقال- وذكر- وقال أخرون) (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٨٤- ١٠٧- ١٣٩- ١٦٤- ١٩٠).

بەگوێرەی هەندێ لە گێرانەوەکانی لە بری ئەو کەل و پەل و زێر و پارانەی باسی کردووە زێدەڕۆیی پێوە دیارە لە هەندێ دەقەکاندا بۆ نموونە دەڵێ (معتصم بالله) قفلێکی هەزار مسقالی کردە دیاری بۆ کەعبە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢٦). یاخود دوای وەرگرتنی خەلافەت لە لایەن (أمين) لە دوای باوکی (هارون الرشيد) ساڵی (١٧٣ك/٧٨٩ز) فەرمانی کرد بە سەرژمێری کردنی خەزێنەکانی جل و بەرگ و فەرش و کەل و پەل و قابەکان گوایە لە پەراوی خەزێنە ماوەی چوار مانگ خەریکی ئەو سەر ژمێرییە بوون دواتر ئەوەندە زۆر بوو کرا بە جۆربەجۆر بەپێی جۆری کەل و پەلەکان، لە میانەی هەژمارکردنەکە کە جۆر بەجۆر باسی کردووە زێدەڕۆییەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ لە بری کەل و پەلەکان و ژمارەکانیان (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢١٤- ٣١٥).

لە زۆربەی کاتدا کە ڕووداوەکانی گێراوەتەوە لەسەردەمی خەلیفەیەک یان سەرکردەیەک ئاماژەی بە ساڵی ڕووداوەکان داوە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی نووسەر. (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٤٢- ٤٣- ٤٥... هتد).

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین نووسەر زۆر وورد بووە لە تۆمارکردنی ئەو زانیارییانەی کە خۆی مەبەستی بووە بە تایبەتی لە وەسفی ئەو کەل و پەل و دیاری و شوێنانەی کە بینیویەتی یان بۆیان باسکردووە، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکان لە خەیاڵیدا بەرجەستە دەبێ، بێگومان ئەمەش گرنگە بەتایبەتی لە بابەتێکی مێژووی شارستانی، بۆ نموونە باسی دۆزینەوەی کۆشکێکی کردووە لە مصر لە ساڵی (٤٦٠- ٤٦١ك/١٠٦٧-١٠٦٨ز) کە هی( السمتنصر بالله)ی فاطمی بووە پڕی بووە لە کەل و پەلی جوانکاری و گەوهەر یەک یەک وەسفی کەل و پەلەکان دەکات، یەکی لەو کەل و پەلانەی وەسفی دەکات کەلەم کۆشکە دۆزراوەتەوە تاوسێکی زێر بووە کە نەخشێنراو داپۆشراو بەزێر چاوەکانی بە یاقوتی سوور.... هتد بە شێوەیەک وەسفی دەکات ڕاستەوخۆ شێوەی تاوسەکە بەرجەستە دەبێ لە خەیاڵدا. (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢٦- ٦٣).

جگە لەوەی کتێبەکە گرنگیەکی زۆری مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی تێدا بەدی دەکرێ، لە هەمان کاتدا چەندین ڕووداوی مێژووی و کەسایەتی و سەرکردەی مێژووی ئەم سەدەی تێدا بەرچاو دەکەوێ.

- بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی (ابن الزبير) گرنگی پێداوە ئەو دیاری و کەل و پەلانەیە کە ئاڵ و گۆڕکراوە لە نێوان خەلیفە و کاربەدەست و سوڵتان و لایەنی بەرامبەر، وەفد و نێردراوەکان و جگە لە مەراسیمەکانی خۆشی و تازیەداری و دەوڵەتداری، لەهەمان کاتدا پاشماوەکانی خەلیفە و سوڵتان، دەسکەوتەکان و پاشماوەی کۆشک و خەزێنە، واتا هەم لەلایەنی شارستانی هەمیش لایەنی ئابووری ئەم سەردەمەمان نیشان دەدا.

### ٧.١. دەستنووسی کتێبی (الذخائر والتحف)

هەتا ئێستا جگە لەم دەستنووسە کە لە کتێبخانەی (أفيون قرة حصار) لە وڵاتی تورکیا دۆزراوەتەوە دەستنووسی تر نەبینراوە، لە سەر دەستنووسەکەش نوسراوە (كتاب الذخائر والتحف وماكان بالقصر من ذلك وهو كتاب مليح مفيد في بابه).

لەلایەن کەسێک بە ناوی (الأوحدي) نووسراوە کە لە ساڵی (٨١١ك/١٤٠٨ز) مردووە، تۆمارکراوە بەژمارەی گشتی (٧٠٢) وە بە (١٤) ژمارەی تایبەتی، کە مەبەست لە ژمارە گشتیەکە ژمارەی دەستنووسەکەیە لە کتێبخانەکە مەبەستی لە تایبەتی ژمارەی لەلایەنی هونەری. لەلایەن دکتۆر (محمد حميد الله) ساغ کراوەتەوە دەستنووسە ڕەسەنەکە کارێکی قورس و پڕ ئەرك بووە، تا ساغکەرەوەی دەستنووسەکە بتوانێ دەقی دروست و نزيك لە ڕاستی گێرانەوەکە تۆمار بکات، دواتر دکتۆر (صلاح الدين المنجد) پێداچوونەوەی بۆ کردووە و ساڵی ١٩٥٩ لە وواڵاتی کوەیت چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە. (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٩-١٠).

### ١.٢. گرنگی کتێبی (الذخائر والتحف) لە ڕوانگەی شارستانی ئیسلامی

### ٢.٢. ڕێو ڕەسمەکانی تایبەت بە خەلیفە و میر و سەرکردەکان

**ئاڵ و گۆڕی دیاری**

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە کاتی سەردانیکردنی مۆزەخانەکان دەکەوێتە بەرچاو ئەو دیاری و کەل و پەل و دیارییە بەنرخانەیە کە لە نێوان سەرۆک و وەزیر و باڵادەستەکانی و وڵاتان ئاڵ و گۆڕکراوە، دیاردەیەکی کۆن و مێژووییە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی دوور، هەر لەوکاتەی کە مرۆڤەکان خاوەن دەسەڵات بوونە بۆ خۆش کردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان و نیشاندانی کلتور و هێزو دەسەڵات و سامانەکانیان دیاریان بۆ یەکتر ناردووە، جگە لەوەی جۆرێک بووە لە دبلۆماسیەت.

لە شارستانیەتی ئیسلامیش دا ئەم دیاردەیە هەبووە بەپێی سەردەم و دەسەڵاتی خەلیفەیەک بۆ خەلیفەیەکی تر گۆڕاوە.

(ابن الزبير) لە کتێبەکەیدا لە بابەتی تایبەتمەند بە دیاری ئاڵوگۆڕکراو بەتایبەتی سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی باسی ئەو کەل و پەلانەی کردووە کە خەلیفە و سوڵتان و دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕیان کردووە، گرنگتر لەمە باسی ئەم دیاریانەشی کردووە کە لەگەڵ سەرۆک و دەسەڵاتدارە ناموسڵمانەکانیش ئاڵوگۆڕکراوە.

زۆربەی ئەو سیستەم و هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتیەی لە جەزیرەی عەرەبی هەبوو بەر لە ئیسلام لە میللەتانی دەوروبەر وەرگیرابوو لە پاڵ ئەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەی کە لەناو هۆزەکان باو بوو ئەوسا. (عبدالعزيز الدوري، ٢٠٠٨، ١٠).

ئەو دیاریانەی لە ئیسلام کە دراوە بە پێغەمبەر (د.خ) لەلایەن (جریج بن مینا) کە کاربەدەستی قەیسەری مەلیکی ڕۆم بووە لە مصر و ئەسکەندەریە بریتی بووە لە چوار کەنیزە دوانیان خوشک بوون (ماریة و سیرین) کە زۆر جوان و زەریف بوون لە مصر لە وان باشتر نەبوو(ابن الزبیر،١٩٥٩، ٦-٧)، ئەمە لە ساڵی (٧)ی کۆچی بووە (أبو الفداء، (د.ت).١/١٧٧)، جگە لە گوێدرێژ و ئەسپ و هەزار مسقاڵ زێر ورۆبی پێستەی قبطی میسری و هەنگوین، هەر بەم بۆنەشەوە دەڵێ پێغەمبەر (د.خ)دیاری لەکەس ڕەت نەکردۆتەوە(ابن الزبیر،١٩٥٩،٨).

لە سەردەمی ئومەویەکانیش باسی ناردنی دیاری لەلایەن پاشای (چین)دەکات بۆ (معاوية بن أبي سفيان) کە بریتی بووە لە کتێبێک کە تیایدا پیشە و کاری جۆرەها پیشەسازی تیابووە کە دواتر زۆر سودیان لێوەرگرتووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٠)، (معاوية)ش گوستیلەیەکی زێری بەدیاری بەخشیووە بە عائیشە (ر.خ) کە گەوهەری بەنرخی هەزار درهەمی پێوە بووە، خەلیفە (سلیمان بن عبدالملک)یش لە ساڵی (٩٧ک/٧١٥ز) کە حەجی کردووە کەسێک بەنێوی(خارجە بن زید بن ثابت) هەزار وشی مۆز و هەزار شانەی هەنگوینی سپی و هەزار بەرخ وهەزار مریشک و سەد قازی پێبەخشیوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١١) کە دەکرێ ئەم برەی باسی لێوە دەکات زێدەڕۆیی تیاکردبێ.

پاشای هیند دیاری بۆ والی سند (الجنید بن عبدالرحمن) ناردووە لە سەردەمی خەلیفە (هشام بن عبدالملک) کە بریتی بووە لە پەیکەری ووشترێکی داپۆشراوە لە هەموو لایەکیەوە بەگەوهەر و مرواری یاقوتی سور کە لە سەر زەوی دانراوە جوڵاوەتەوە و ڕۆیشتووە (الجنید)یش بۆ (هشام)ی ناردووە، ئەویش زۆر پێی سەر سام بووە لە خەزێنەی ئومەویەکان ماو ەتەوە تا سەردەمی خەلافەتی عەباسیەکان (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٤- ١٥)، جگە لەمە کەنیزە و ئاژەڵ و ئەسپ و زێر و زیو و فەرش بەژمارنایەت بۆ (هشام) هاتووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥).

لە ماوەی خەلافەتی عەباسیەکانیش وا دیارە (ابن الزبیر) بەوە دەست پێدەکات کە والی خۆراسان (علي بن عیسی بن ماهان)ساڵی (١٨٩/٨٠٤ز) دیارییەکی زۆر بۆ خەلیفە (هارون الرشید) دەنێرێت کە بەهاکەی سی ملێۆن دینار بووە.(ابن الزبیر،١٩٥٩،٢١)، کاتێ (محمد بن سلیمان) بوو بە والی بەصرە لە ساڵی (١٦٠ک/٧٧٦ز) لە خەلافەتی (المهدی) سەد خزمەتکاری پێشکەش بە (خیزران)ی دایکی کرد هەر خزمەتکارێک جامێک زێری پێ بوو پری بووە لە مسک، جگە لەمە دیاری لە نێوان هەریەک (مؤنسة) کەنیزەی مأمون (متیم) کەنیزەی (علی بن هشام) ئاڵ و گۆڕ کراوە کە (مؤنسة) ملوانکەیەکی بۆ (متیم) ناردووە ناوەڕاستی ملوانەکە مرواریەکی شێوەی هێلکەی بولبولی بوە بەهاکەی دە هەزار دینار بووە، جگە لە چوار بەردی یاقوت سوور و چوار بەردی زمرود (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٧- ١٨).

پاشای هیند (دهمی) دیاری بەنرخی بۆ خەلیفەکانی عەباسی ناردووە یەکێک لەم دیاریانە چەقۆیەک بووە بۆ (هارون الرشید)، ئەویش داویەتی بە (زبیدة) کە زومرد و یاقوتی سوری پێوە بووە بەهاکەی سەد هەزار دینار بووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢١)، وە نامەیەک و دیاریەکی بۆ (مأمون) ناردووە، کە تیایدا دەڵێت لە پاشایی هیند خاوەن شکۆ و گەورەی ڕۆژهەڵات خاوەنی ماڵی زێر و یاقوت، بەفەرش ڕاخراو دروست کراو لە داری عود و کە لە دووری دە فەرسەخ بۆنی خانوەکەم دێت لە خەزێنەکەم هەزار تاجی گەوهەر هی هەزار باوکی کۆچ کردووە... هتد (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٢).

(مأمون)یش وەڵامی داوەتەوە و دڵخۆشی خۆی پێ ڕاگەیاندووە و کتێبێکی بەدیاری بۆ ناردووە بە ناونیشانی (دیوان الألباب وسیتان نوادر العقول) کە داوای لێدەکات بیخوێنێتەوە، مەلیک دلخۆش دەبێ بەم دیارییەی خەلیفە کە بۆی ناردووە، پێی ڕادەگەیەنێ ئەمە چاکی نیەتمانە بەرامبەر یەکتر، جگە لە سوارێک بە هەموو کەل و پەلەوە، وە مێزێکی سەیر و سەمەرە سپی بوو هێلی سور و سەوز و ڕەشی تێدا بوو درێژییەکەی سێ بست و ئەستورییەکەی دوو پەنجە بوو، پێچکەکانی زێربووە لە خەزێنەی خەلیفە (مروان بن محمد) دەریان هێنا بوو، جگە لەچەند جۆرە جل و بەرگێکی میسری، سوس و یەمەنی و ئەسکەندەری و خۆراسانی، فەرشی قرمز و فەرشی طبري فەرشی سوسنجردي، چەند پارچە فەرشی لاکێشەیی لەگەڵ چەندان دیاریتر...(ابن الزبیر،١٩٥٩،٢٧).

پاشای ڕۆم دیاری بۆ خەلیفە(مأمون) ناردووە، خەلیفەش ووتویەتی سەد ئەوەندە دیاریان پێ ببەخشنەوە، تا لە گەورەیی بەخشندەی ئیسلام بزانن، ولێیان پرسیون چ شتێکتان پێ باشە لە دیاری ووتویانە (مسک و سمور) ووتویەتی: بۆیان زیاد کەن دوو سەد ڕەتلی مسک و دوو سەد پێستی (سمور) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٨).

لە بۆنەکانیش دیاری ئاڵوگۆڕکراوە یەکێک لەو دیاریانەی کە پێشکەشی (مأمون) کراوە لەلایەن (احمد بن ابی سلمة) خوانێک بوو کە میلی زێری تیا بووە، لەڕۆژی نەورۆز (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٠)، (ابو دلف القاسم بن عیسی العجلي) لە جەژنی (میهرەجان) سەد باری زەعفەران بە تۆری ئاوریشم کردۆتە دیاری بۆ خەلیفە (مأمون) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٨).

هەر سەبارەت بە دیاری جەژنی(میهرەجان) (شجر) کە یەکێک بووە لە کەنیزەکانی خەلیفە(المتوکل) کە زۆر مەیلی بۆی هەبووە، لە ئەوانی تری خۆشتر ویستووە، کە ڕۆژی میهرەجان بوو دیاریەکانی (شجر) هات کە بیست (ئاسک)ی بەخێوکراو کە هەر بیستیان زینی چینی یان پێوە بوو وە هەریەک لەم ئاسکانە جۆرکی پێوە بوو لە نێو جۆرکەکە زێر و مسک و عەنبەر و چەندان شتی بەنرخی تیابووە، خەلیفە بە کەنیزەکانی وتوە کامەتان وەکو ئەو باشن و ڕێزم لێدەگرن؟ بۆیە کەنیزەکان ئیرەیان پێی بردووە دواتر خواردنەوەیەکیان پێداوە ژەهر خواردیان کردووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٩).

(ابن الزبیر) دەڵێ هەندێ پاشای هیند دیاریان بۆ (حسن بن سهل) ناردووە لەکاتی بەشودانی (بوران)ی کچی بۆ خەلیفە (مأمون) لە ساڵی (٢١٠ک/٨٢٥ز) لە نێو دیارییەکان سەبەتەیەک عودی هیندی بوو کە بەر لەم کاتە نەبینرابوو، دەوترێ شەوێکیان (عبیداللە بن حسن بن سهل) لەلای خەلیفە (متوکل) بوو کە لەم ڕۆژەدا کەلەشاخی کردبوو، بێ تاقەت ببوو پزیشکان پێیان ووتن هەڵمی عودی بۆ داگیرسێنن بۆیە دایان گیرساندووە ئەوانەی لە دیوەخانەکە دانیشتبوون زۆر

سەرسام بوون بەوەی کە بۆنی ئاوا خۆشیان هەڵنەمشتووە، (عبیدالله) لەم کاتە ئاماژەی کردووە ئەوە ئەم دیارییەکە کە پاشای هیند لەکاتی هاوسەرگیری بورانی خوشکی بەدیاری بۆ باوکی ناردووە، دیارە لەم کاتەدا (متوكل) ڕاستەوخۆ نێردراو و دیاری ناردووە بۆ پاشای (هیند) بۆ سوپاس کردن. (١٩٥٩، ٣٣- ٣٤).

خەلیفە (المعتصم بالله)لە ماوەی خەلافەتی دا قوفلێکی زێری بۆ کەعبە کردووە بە دیاری کە هەزار مسقاڵ بووە، هەروەها (حسن بن سهل)یش لە ساڵی (٢١٧ک/٨٣٢ز) لە خەلافەتی (مأمون) چەند دیارییەکی پێشکەشی (المعتصم) کردووە بریتی بووە لە هەزار قاڵبی خەزەری چەند جۆرە چەقۆیەکی ناوازە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٣٧).

لەم دیاریانەی کە بۆ خەلیفە (المعتمد علی الله) هاتووە بریتی بووە هەزار هەزارکە دەکاتە(ملیۆنێک) و دوو سەد هەزار دینار جگە لە کۆیلە و شتی تایبەتی مصر لەلایەن (احمد بن طولون)، وە لەلایەن (موسی بن عمر بن عبدالعزیز الهباري) کە خاوەنی سند بوو لە ساڵی (٢٧١ک/٨٨٤ز) چەند دیارییەکی بۆ خەلیفە نارد لە نێوانیان (فیل)ێکی زۆر گەورە بوو کە بەر لەمە نەبینرابوو لەم شێوەیە، سێ پەیکەری زیو، مسک، عنبر، ئاوریشم،....هتد (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٣٧).

دیاری بۆ (الموفق بالله) ساڵی (٢٧٥ک/٨٨٨ز) پەنجا باری درهەم و سەد ئەسپی ڕەسەن و کۆمەڵێک لە خزمەتکار لەگەڵ چەند دیارییەک لە خۆراسان کە لەلایەن (عمرو بن اللیث الصفاري) نێردرابوو (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٣٧).

لە دیارترین ئەو دیاریانەی بۆ خەلیفە (المعتضدبالله) هاتووە لە لایەن(عمرو بن اللیث الصفار) ساڵی (٢٧٩ک/٨٩٢ز) بریتی بوو لە پەنجا سوار، پەنجا سندوقی پارەیان بارکردبوو، لەگەڵ چەندان کەل و پەلی تر، لە ساڵی(٢٨١ک/٨٩٤ز) دووبارە چەندان دیاری تری وەکو پارە و جل و بەرگ و مسک و عود و عەنبەر و سەر ئاژەڵی ناردۆتەوە. (ابن الزبیر، ١٩٥٩،٤١). خەلیفە (المعتضد)یش دیاری بۆ (عمرو) ناردۆتەوە لە ساڵی(٢٨٢ک/٨٩٣ز) ڕۆبێک و تاجێک کە بەهاکەی ٣ هەزار دینار بوو (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٥). لە ساڵی دواتر (عمرو) چەندان دیاری تری لە سندوقی پڕ لە جل و بەرگ تێیدا و زێر و گەوهەر، سوار و باز، چەند پەیکەری بچووک بۆ خەلیفە ڕەوانە کردەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٠). بە هەمان شێوە لە ساڵی (٢٨٣ک/٨٩٦ز)یش چەند دیارییەکی تری بۆ خەلیفە ناردۆتەوە یەکێکیان پەیکەرێک بوو لە سفر لە شێوەی ئافرەتێک چوار دەستی هەبوو شالێک لەسەر شانی بوو بە گەوهەر داپۆشرابوو لەگەڵ چەند پەیکەرێکی تری بچووک کە ئەمانیش بەگەوهەر داپۆشرابوو(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٤).ئەمەش بەڵگەیە لە بوونی پیوەندی باش و گوێڕایەڵی صفارییەکان بۆ خەلافەت.

(أبو الجیش خمارویة بن أحمد بن طولون)، بیست حوشتر بەباری پارەوە دە خزمەتکار بەسوارەوە بۆ خەلیفە (المعتضد) نارد، جگە لە چەژنی نەورۆزیش چەند دیارییەک لەلایەن (قطر الندی) کچی (أبی الجیش خمارویة) بۆ (المعتضد بالله) هات ساڵی (٢٨٢ک/٨٩٥ز) کە بیست پێستە قاپی زێر، دە دانەیان بۆنی عەنبەری تیا بوو، بیست قاپی زیو کە چەند جۆرێک بۆن و بەرامی تیابووە، جگە لەوەی کە ڕۆپۆشێک دروست دەکرا بۆ ڕۆژی نەورۆز چەند کەسێک کە بە ڕەگەز فەرغانی بوون لە دەم و چاوی خۆیان دەخست لە کۆشک دەهاتنە دەرەوە سەما و هەڵپەڕکێیان دەکرد خۆئان نمایش دەکرد (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٣٨).

ئەغالبەکانیش بە دەرنەبوون لە ناردنی دیاری بۆ خەلیفەی عەباسی ئەوەتا (إبراهیم بن احمد الأغلبي)[3] چەندان دیاری بۆ خەلیفە (المعتضد) نارد کە بریتی بوو ٥٠ کەنیز و ١٠٠ کارەکەر و ١١١ ئەسپ و ٥٠ پارچە دیباجە و پارچە قوماشێکی مصری (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٤). بە هەمان شێوە سامانیەکانیش(إسماعیل بن احمد الساماني) خاوەنی ووڵاتی نێوان دووڕووبار لە ساڵی(٢٨٠ک/٨٩٣ز) (٤٩) حوشتری بە سوار و خزمەتکارەوە بۆ خەلیفە (المعتضد) نارد، پێکهاتبوو لە پێستی سمور خزمەتکاری تورک و خەزەری و بە چەک و سوارەوە لەگەڵ (٣٢) هەڵۆ یانزەیان سپی بوو،( ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٣).

لە زۆرترین ئەو دیاریانەی کە هاتوە بۆ خەلیفە (المعتضد بالله) لەلایەن (صفاری و طولونی، سامانی، أغالبە)کان بووە، ئەمە چەند پرسیارێکمان لا گەڵاڵە دەکات کە ئایا پەیوەندیان زۆرخۆش بووە، خەلیفەی ناوبراو بە سیاسەتەکەی توانیویەتی چوار دەوری خۆی گوێڕایەڵی خۆی بکات، دیاریشی بۆ ڕەوانە بکەن یا ئەوەتا جۆرێک لە مۆدێل و شارستانیەتی هیندی و ڕۆمەکان بووە وەریان گرتووە لاساییان کردۆتەوە، یانیش ئەوەتا هەریەک دەسەڵات و سامان و موڵکی خۆی نیشانی خەلیفە داوە، جگە لە نیشان دانی لایەنگیر و تاعەتیان بۆ خەلیفە. زۆرترین دیاری لەلایەن طولونیەکان بۆی هاتووە هۆکارەکەشی ڕوونە دەرامەت و ئابووری مصر زۆر بووە جگە لە پەیوەندی هاوسەرگیری لە نێوان هەریەک لە (قطر الندی) و (المعتضد).

(برتا) کچی (الأوتاری) پاشای فەرەنجیەکان دیاری بۆ خەلیفە (المتكفی بالله) ناردووە بە (علی الخادم) یەکێک لە خزمەتکارەکان بوو ساڵی (٢٩٣ک/٩٠٥ز)کە بریتی بوو لە پەنجا شمشێر و پەنجا تیر و بیست پارچەجل و بەرگی بەزێر چێنراو، جگە لە ئاژەڵ و باڵندە و سەگ و هەڵۆ...، جگە لە خواردن و خواردنەوە و لەگەڵ نامەیەک کەلەسەر ئاوریشی سپی نووسرابوو تیایدا داوای کردبوو خەلیفە (المكتفی) هاوسەرگیری لەگەڵ بکات (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٤٩)، جگە لەوە سێ باڵندەی بۆ خەلیفە ڕەوانە کردبوو هەرکە خواردن و خواردنەوەیەکی ژەهراویان بینیبا دەنگیان بەرز دەکردەوە لەگەڵ باڵەکانیان دەیانقیراند تاوەکو ئەوەی بەرامبەر تێبگات و بزانێ خواردنەکە ژەهراویە نەیخوات (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٥٢). واتا پەیوەندیەکی باش لە نێوان خەلافەتی عەباسی و فەرەنجیەکانیش هەبووە.

هەروەها (أسماعیل بن احمد سامانی) خاوەنی خۆراسان دیاری بەنرخی بۆ خەلیفە (المتقتدر بالله) ناردووە ساڵی (٢٩٨ک/٩١٠ز) لە ڕێگەی نێردراوی خۆیەوە، کە بریتی بووە لە (١٢٠) خزمەتکار بەشیرو تیر و هەموو کەل و پەلی خۆیەوە، جگە لە چەندان جل و بەرگ کە بەهەژمار نەهاتووە، پێنج فەرشی (طبری) چەند بۆنی مسک و هەزارو سەد پیستی

سمور و گورگ و رێوی و پەنجا هەڵۆ...هتد (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٥٩).

ڕۆمانوس پاشایی ڕۆم و (قسطنطين و اسطاوانوس) كە سەركردەی ڕۆمەكان بوون لە ساڵی (٣٢٦ك/٩٤٧ز) چەند دیارییەكیان بۆ خەلیفەی عەباسی (الراضي بالله) ناردووە لەگەڵ نووسراوێک لە پاشای ڕۆمەوە كە بەزێر نووسراو، وەرگێڕدرابوە سەر زمانی عەرەبی بەزێو ناونیشانی نووسراوەكە بەم شێوەیە بوو: (بالحضرة رومانس وأسطوانس، وقسطنطين المؤمنون بالله، عظماء الروم، إلى الشريف البهي صاحب سلطان المسلمين)، وادیارە داوای ئاشتی و ئاگربەستیان كردووە، لەگەڵ ناردنی چەندان دیاری زێر و زیو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٦٠- ٦١).

بەهەمان شێوە دیاری بۆ خەلیفەكانی فاطمیش لە مصر نێردراوە لە لایەن سەكردە و دەسەڵاتداران ئەوەتا (أبو الحسين جوهر)[٤] دیاری بۆ (المعزالدين الله)ی فاطمی ناردووە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی مصر لە ساڵی (٣٥٩ك/٩٦٩ز) لە چەندان دیاری گرنگ و گرانبەها پێک هاتبوو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٦٧).

(المعز بن باديس)[٥] خاوەنی مەغریب لە ساڵی (٤٢٠ك/١٠٢٩ز) چەندان دیاری بۆ خەلیفە فاطمی (الظاهر الإعزاز دين الله) نارد، كە دیاریەكە پێک هاتبوو لە بیست كەنیزە لە جوانی روخسار و ڕەنگ و لاشە وەكو ئەوان نەبینرابوو و لەگەڵیشیان كەنیزەێک كە تاک بوو لە جوانی لەگەڵ كەل و پەل و زێر و جوانكاری خۆیەوە لە مەغریب ئامادە كرابوو، جگە لە سێ هەزار مەن لە زعفەران كە هەر مەنێک دەكاتە بیست كیلۆ، جگە لە بیست كۆیلەی سودانی كەتەمەنیان بچووک بوو، جگە لە تیر و كەوان سندوق و قەفەس كە پڕی بوو لە شیروتیر و جل و بەرگ و مۆم، خەلیفە لە مەیدانی كۆشكەكەی لە سەر قەڕەوێلەیەكی گەورەی زێر دانیشت نامەكەی دەخوێندەوە دیاریەكانیان نیشانی دەدا (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٦٩). دووبارە لە ساڵی(٤٢٤ك/١٠٣١ز) (المعز بن باديس) چەندان دیاری دیكەی بەنرخی پێشكەشی خەلیفە كرد كە بریتی بوو لە چوار شێری گەورە و نەبینراو بیست سەگی سلوقی چەند پڵنگێک، ژمارەیەک مۆم قوماش و زەعفەران، كۆیلەی سپی و ڕەش (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٧٤).

دیاری (قسطنطين)ی پاشای ڕۆم بۆ خەلیفە(المستنصر بالله) لە ساڵی (٤٣٧ك/١٠٤٤ز)، ئەم دیارییەی ڕۆمەكان بۆ نوێكردنەوەی ئاگر بەست بوو دیاری لەم جۆرە بەر لەم كاتە بۆ هیچ خەلیفەیەک نەنێردرابوو زۆر بەنرخ بوو بەهاكەی سی قەنتار لە زێر جگە لە چەندان دیاری تر كە بەهەژمار نایەن (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٧٤).

بەشێوەیەكی گشتی زۆرترین ئەم دیاریانەی ئالوگۆر كراوە پێک هاتووە لە كەل و پەلەكانی جوانكاری و زێر و زیو و جل وبەرگ و قوماش وزین و ئاژەڵی جوان دڕەندە و ئازا و ناوازە وبەردی بەنرخ و قاپ و قاجاغ و فەرشی و ڕایەخ و خواردن و خواردنەوە بۆن ومسک وعەنبەر و كۆیلە وجۆرەها كەل و پەل، ئەمەش شێوازێک بووە لە ئاڵوگۆڕی شارستانی لە نێوان خەلیفەكانی موسڵمانەكان خۆیان لە ناوچەیەک بۆناوچەیەكی تر،هەروەها لەگەڵ هیندو چین و ڕۆمەكان.

جگە لەوەی ئەم وەسف و باسی ئاڵوگۆڕی دیاریانە نیشانمان دەدات كە شكۆی مەلیكی دەسەڵاتدار لە كۆشک و تەلار و كەل و پەل و زێر و زیوەكەی زۆر گرنگ بووە نیشاندانی جۆرێک لە هێز و دەسەڵات بووە، كە لە كاتی ناردنی دیاری بۆ خەلیفەی موسڵمانان بەم جۆرە وەسفی خۆیان كردووە، دوورنیە خەلیفەی موسڵمانانیش ئەم جۆرە لە شكۆداری و كۆشک و تەلار و كەل و پەلە بەنرخانە لە دەوروبەری خۆیان فێربووبن و لاساییان كردبێتەوە، بە هەمان شێوەش وەڵامیان داوەتەوە.

### ٣.٢. ڕێو ڕەسمی بۆنە و داوەتەكان

لە كتێبی (الذخائر والتحف)ی (ابن الزبير) باسی چەند بۆنەو ڕێو ڕەسمێک كراوە، وەسفی ڕێو ڕەسمەكان لە ڕووی میوانداری كردن و جۆری خواردن و كەل و پەل و جل و بەرگ و بڕی ئەو خەرجیەی كراوە لەم سەردەمەدا، ئەمەش نیشان دانی جۆرێک لە شارستانیەتی لە كاتەی كۆمەڵگای موسڵمانان و خەلیفەكان بووە.

یەكێک لەو بۆنانەی كە باسی لێوە كردووە ئامادەكاری ئاهەنگی هاوسەرگیری چەند خەلیفە و كەسایەتیەكە، لەمانە خەلیفە (هارون الرشيد) لەو كاتەی كە (زبيدة)ی كچی (أبو جعفر المنصور)ی مامی خواستووە لە كۆشكەكەی (الخلد) لە بەغدا لە ساڵی (١٦٥ك/٧٨١ز) ، ئامادەكاریەكی ئاوای بۆ كرابوو كەبەر لە ئەم بۆ هیچ ئافرەتێک نەكرابوو لە ڕووی جۆری جوانكاری- شیرینی، تاج و قوبەی زێرو زیو، جل و بەرگ، خزمەتكار، شوێنی مانەوەو ڕابواردن، و پێشكەشكردنی جۆرە پۆشاكێک كە پێی دەووترا (بدنةعبدة)[٦] كە زۆر نایاب و جوان بووە لەم جۆرە كراسەلەجوانی و زەریفی لە ئیسلام نەبینرا بوو لە ڕووی دورینی و شێوازی و ئەو گەوهەرانەی پێوە بوو لە پێشەوەی كراسەكە لە سنگیەوە بۆ خوارەوە دوو هێڵی یاقوتی سوری پێوە بووە جگە لە مرواری گەورەی ناوازە،(ابن طيفور) دەڵێ جۆرە پۆشاكێک بوو وەكو زرێپۆش وابوو بە مرواری كە گوایە هی (عبدة بن عبدالله بن يزيد بن معاويە) خێزانی(هشام بن عبدالملک) بوو مابۆوە زۆر ناوازە بوو هەر بەناوی ئەوەوە بوو.( ٢٠٠٩،٢٧٤). هەر لەم بۆنەیە پارە بەسەر خەڵكدا دابەش كراوە جگەلە (مسک و ئیسكی عەنبەر) لە شووشەدا، جل و بەرگی نەخشێنراو بە زێر، هەریەک لە ئامادە بوان لەم شەوەدا مۆمی بۆن عەنبەریان لە دەست بوو لە نێو قالبی زێرین، زۆربەی ئافرەتانی بنەماڵەی هاشمی ئامادەبون، هەر یەكەیان كیسەیەكی گرانبەها و چێنراو بە زێر، خەرجی لەم بۆنەی هاوسەرگیریە لەسەر ئەركی تایبەت بە خەلیفە و(هارون الرشيد) بوو كەبڕەكەی پەنجا هەزار هەزاراوانا(پەنجا ملیۆن) دینار بووە (ابن الزبير،١٩٥٩،٩١-٩٢) كە دەكرێ ئەمەش زێدەڕۆیی بێ.

(خيزران)ی دایكی(هارون الرشيد)پێداگری كردووە كە ئاهەنگی هاوسەرگیری (الرشيد و زبيدة) زۆر خۆش وگەورە و ناوازە بێت كە پێشتر ئاهەنگی لەم جۆرە لە بەغداد سازنەكرابێت، پارەیەكی زۆری خۆی پێشكەش كرد جگە لەوەی لە شەوی ئاهەنگەكە جلێكی تایبەتی پێشكەشی كرد كە

ڕووکەشراو بە مرواری گەوهەر ئەوەندە قورس بوو چەند کەنیزەیەک هەڵیان گرتبوو.(الشابستي،١٠١،١٩٦٦).

یەکێکی تر لەم ئاهەنگە هاوسەرگیریەی کە باسیکردووە هاوسەرگیری (خديجة بنت الحسن بن السهل) ناسراو بوو بە (بوران) بە (مأمون) لە ساڵی (٢١٠ک/٨١٣ز) (٣٨) ملیۆن درهەم پارە خەرجی بووە، جگە لە یەک ملیۆن دینار دابەشی سەر داورودەستی مأمون کراوە، یەک ملیۆن درهەم بۆ برای (بوران)، خەرجی (الحسن بن السهل)یش لەم بۆنەیە بۆ کچەکەی چل ملیۆن درهەم یا چوار ملیۆن دینار، جگە لە خەرجی سەرکردە و داورودەستی (مأمون) و جل و بەرگ و گواستنەوەی پەنجا ملیۆن درهەم بوو، لەم ڕۆژەدا حەسیری زێر ڕاخراوە، داپیرەی (بوران) هاتووە سەبەتێکی گەورەی پێبووە پڕی بووە لە زێر بەگەوهەر چنرابوو زێری دابەش کردووە بەسەر ئافرەتانی ئامادەبوو لە بۆنەکە دا، جگە لە سینیەک هەزار دەنگە مرواری لە ناوسینی زێر، لەم شەوەدا مۆمێکی عەنبەر داگیرسێنرا کە وەزنەکەی چل (مەن) بوو کە دەکاتە دوو سەد و هەشتا مسقاڵ، جگە لە دابەشکردنی جۆرەها کەل و پەل و پێلاو شتی دروست کراو دەرمان و گەوهەر، دینار و درهەم، دیاردەیەکی تر کە لەم سەردەمەدا باو بووە کە تا ئێستاش لای هەندێ لە میللەتان هەیە ئەویش هاویشتنی پارە بەسەر سەری زاوا (جعفر بن يحيى) پانزە ملیۆن درهەمی بەسەر سەری (مأمون) داهاویشتووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩،١٠٠- ١٠١). (الطبري) دەڵێ تێچووی ئەم هاوسەرگیرییە (٢٥)ملیۆن دینار بووە جگە لە زێرو کەل وپەل و بۆن و بەرام وخواردن.(٢٠١٢،٥/١٧١).

یەکێکی تر لەم ڕێوڕەسمانەی کە باسکراوە (گفت )(بەیعەت دان) بووە، پێدانی بەیعەت لەمێژووی ئیسلامی لەلایەن خەلیفەیەک بۆئەو کەسەی لە دوای خۆی دایدەنێ بێ گومان مەراسیم و بۆنەی تایبەت بەخۆی بۆ کراوە، بۆ نموونە ئەوەی کە باسکراوە خەلیفە (هارون الرشيد) لەو کاتەی بەیعەتی داوە بەسێ کوڕەکەی (أمين، مأمون، المؤتمن) داوەتێکی سازکردووە تێچووەکەی بە هەژمار نایێ، لەم بۆنەیە خەلیفە ووتویەتی بنەماڵەی ئومەوی کوڕە مامی ئیمەن بۆ ئەوانیش بەشدار نەبن، گەڕاون لە (بالس و زيتونه و رصافة) کۆیان کردونەتەوە و میوانیان کردوون(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٩٥).

لە بارەی فاطمیەکایش باسی سەردەمی خەلیفەی فاطمی (القادر بالله)دەکات کە بەنامەیەک بانگهێشتی (محمود سبکتين)ی غەزنەوی دەکات بۆ دانانی کورەکەی خۆی (قائم بأمرالله) بە جێنشین ساڵی(٤٢١ک/١٠٣٠ز) ئەم پەیوندیەی نێوانیان چەند لایەنێکی گرنگمان لا گەڵاڵە دەکات:

١. پەیوەندی خۆش بووە لە نێوان هەردوولا.
٢. ڕێوڕەسم گێردراوە بۆ دانانی جێنشین.
٣. نێردراو کە چووە بۆ دەرباری غەزنەوی سوپایەکی سەرسورهێنەری بینیووە بەجل و بەرگی ناوازە کە وەسفی کردووە.
٤. بەکارهێنانی جۆرە گیانلەبەری وەکو شێر و پڵنگ و کە دڕەندە بوون لە نێو کۆشک بۆ ترساندن، تەنانەت جۆرە گیانلەبەرێک کە لە کاتی هاتنە دەرەوەی سوڵتان هاواریان کردووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥١).

جگە لەمە میوانداری کردن گرنگی پێدراوە بە تایبەتی خەلیفە و کاربەدەستان کە وەسفی سەردانیکردنی (هارون الرشيد) بۆ شاری بەصرە میوانداری ماڵی (جعفر بن سليمان بن علي) کە لەم کاتەدا والی بووە، لە خوانەکەی دا هەموو سارد و گەرمیەک هەبووە، جگە لە شیر و کەرە و جۆرەها خواردنی دروست کراو لە گۆشتی ئاسک (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٩٨).

باسی مەراسیم و مێوانداری کراوە کە لە مصر لەسەردەمی (طولونیەکان) جێبەجێکراوە لە ماوەی ویلایەتی (أحمد بن طولون) نان پێدانی خەڵک و سەرکردە و سەرباز و کەسانی ئاسایی و پیشەوەرو هەژارو کەم دەرامەتان لە ساڵی(٢٦٠ک/٨٧٣ز) ڕۆژانی هەفتە ڕۆژێک بۆ سەرکردەکان ڕۆژێک بۆ سەربازەکان، کەسانی مزگەوت و بازرگان ڕۆژێک وە بۆ هەموو خەڵک دوو ڕۆژ، بۆ ئامادەکردنی ئەم خوانانە هەزار بەران و سی گۆلک هەزار مەڕو هەزار بزن و دە هەزار مریشک و بیست هەزار کۆتر، جگە لەوەی خوانێکی تر بۆ کەسانی تایبەت بەخۆی و دارو دەستەکەی ئامادەکرا، جگە لە مانگی ڕەزامەنیش فەقیرو هەژار دوای ئەوەی کە نانیان دەخوارد و پارە و خوراکیشیان پێدەدرا لەگەڵ خۆیان ببەنەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٧٥- ٧٦).

یەکێکی تر لەو بۆنە و داوەتانەی کە لە کتێبی (الذخائر والتحف) باسکراوەو جێگەی سەرنجە ئاهەنگ و داوەتی (خەتەنە-سونەت)کردن کە تایبەت بووە بە کۆمەڵگەی موسڵمانان لەم کاتەدا کە چی کراوە بۆ ئەم بۆنەیە و کەی کردوویانە.

بە پێی ئەوەی کە باو بووە لە تەمەنی بچوک منداڵ خەتەنە دەکرا لە ساڵی یەکەمی لە دایک بوونی، بۆنەی بۆ سازدەکرا تیایدا کەس و کارو هاوڕێ کۆدەکرانەوە،چەندان جۆری خۆراک ئامادەدەکرا، منداڵەکە جل و بەرگی تایبەتی لە بەر دەکرا و جوان دەکرا لە شەقام دەسوڕێنرایەوەدەف و تەپڵ بە دوایدا لێدەدرا،(الطبرسي،د.ت،٢٣٨)، لە کاتی خەتەنەکردنەکەش مۆسیقا و گۆرانی و هەڵپەرکێ دەکرا بۆ شاردنەوەو خەریک کردنی منداڵەکە تا هەست بە ئازار نەکات،(محمد عبدالله القدحات،٢٠٣،٢٠١٥)

بۆنموونە (ابن الزبیر) دەڵێ (علي بن ابی طالب، طلحەبن عبيدالله، الزبير بن عوام، سعدبن ابی وقاص) خەتەکردنیان لە یەک ساڵدا بوە، لەسەردەمی عەباسیەکان خەلیفە (المهدی بالله) کوڕەکەی (ابراهیم) تەمەنی پێنج ساڵ بوو بە پێنج سەد درهەم خەتەنەی کردووە، ساڵی (١٦٧ک/٧٨٣ز)، خەلیفە (المتوكل) دوای ئەوەی لە دروست کردنی کۆشکەکەی لە سامەرا تەواو بوو کوڕەکەی(المعتزبالله)ی لەوێ خەتەنەکرد و ئاهەنگ و داوەتی بۆ سازکرد تێچووی بیست ملیۆن درهەم بوو، لەم کاتەدا داوای لە (فتح بن خاقان) کرد ئامادەکاری بکات لە خەزێنە فەرش ڕایەخ و لاکێشە دەربهێنێ بەدرێژایی هەیوانەکان ڕایخات، خەلیفە خۆشی لەسەر قەرەوێلەیەک لە هەیوانەکە دانیشتبوو، میرو سەرکردە و خاوەن پلە و پۆست و کەسانی تر ئامادەبوون، لە نێو سینی زێر داپۆشراو بەگەوهەر جۆرەها خواردنەوەی لەسەر بوو، خزمەتکارەکان دابەشیان دەکرد بەسەر خەڵکەکەدا، هەر لە نوێژی نیوەڕۆ تا مەغریب ئەم بۆنەیە بەردەوام دەبوو، لەم ڕۆژەدا خەلیفە (المتوكل)

هەزار کۆیلەی ئازادکرد هەریەکەیان سەد درهەم سێ پارچە جل و بەرگی پێدان، لە حەوشەکەیدا چوار سەد پارچە جل و بەرگی جۆراوجۆر هەبوو، جگە لە چەندان میوەی جۆراوجۆر هەرچەندە لەم کاتەدا کەم بوو وەکو سێوی شامی و لالەنگی و لیمۆ، پێنج هەزار دەسکە گوڵی نێرگز، دە هەزار دەسکە گوڵی بنەوشە، دابەشی سەر ئامادەبوان کرا، جگە لەوەی لەم ڕۆژەدا (قبیحة)ی دایکی (المعتز) فەرمانی کرد بە لێدانی سکەی پارە کە لەسەری نووسرابوو (برکة من الله لإعذار أبی عبدالله المعتز بالله) یەک ملیۆن درهەمیان لە سکەدا دابەشیان کرد بەسەر خەڵک و ئامادەبوان، وە لەم ڕۆژەدا چەندان گۆرانیبێژ ئامادەبوو لەوانە (عمرو بن بانة احمد بن أبی العلاء، ابن الحفصی، ابن المکی، سلمک الرازی.... هتد)، جگە لە کەنیزە و گۆرانیبێژی ئافرەت (بدعة و جاریتها سراب، ساریە و جواریها، نجلة، ترکیة.... هتد). بەم جۆرە تێچوویەکی زۆر لەم داوەتە خەرج کرا هەشتا و پێنج هەزار دینار تەنها خواردن جگە لە شتی تر سێ ڕۆژی خایاند ئەم بۆنەیە لەلای خەڵک زۆر گەورەبوو کە (ابن الزبیر) خۆشی دەڵێ سێ بۆنە لە ئیسلامدا گەورە بووە و تۆمارکراوە لە مێژوو، ئەوانیش هاوسەرگیری (بۆران و مأمون)(زبیدە و هارون الرشید) و خەتەنەکردنی (المعتز بالله) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١١٦- ١١٩).

خەلیفە (المقتدر بالله) ئاهەنگی خەتەنەکردنی بۆ هەر پێنج کوڕەکەی کردووە (محمد- هارون- عباس- ابراهیم- إسحاق) لە یەک ڕۆژدا کە پارەی کاغەز و ئاسنی بەسەردا هەڵدان و بەر لەمەش کۆمەڵێک لە هەتیووان و بێ دایکان و باوکان پارە و جل و بەرگیان بەسەر دا دابەش کرابوو لەم بۆنەیە شەش سەد هەزار دابەش کرا (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٢٤)، هەر بۆیە بەپێی ئەوەی باسکراوە خەتەنە کردن زۆربەی کات بە تەنیا بۆ کەسێک نەکراوە بەڵکو بە کۆمەڵ کراوە، بۆ نمونە باوکێک نەی ویستووە کوڕەکەی بە تەنیا خەتەنە بکات قسەی لەگەڵ خەلیفە (المقتدر بالله) کردووە ساڵی(٣٣٢ک/٩٤٣ز) لەگەڵ کوڕەکانی خەلیفە خەتەنەکراون (ابن الجوزي، المنتظم،١٠).

کاتێ خەلیفە(المکتفی بالله) ئاهەنگی خەتەکردنی کورەکەی (ابا احمد) ساڵی( ٢٩٤ک/٩٠٦ز) داوای لە وەزیری خۆی (العباس بن الحسن) کرد کە خەڵک کۆبکاتەوە خواردن ئامادە بکەن وەزیریش گوێڕایەڵ بوو، لە ماڵەکەی لەسەر ڕوباری دجلە نزیک لە (باب السیتان) ئامادەکاری کرد لە نێوان دوو سەکۆ دانیشتبوو ئەوەندە گوڵی لێدانرابوو کە خەڵک بەر لەم کاتە بەم شێوەی نەدیبوو زۆر بەرز و جوان و هەموو سەرکردە و دارودەستەکانی و لەگەڵ (متوکل) دانیشتبوون لەگەڵ گۆرانیبێژان، هەر کەسێک کە دەهاتە نێو ئاهەنگەکە جل و بەرگێکی تایبەتی پێدەدرا بەپێی پلە وپایەکەی جلێکی تایبەت بوو لە داوی زێر لەسەر قوماش چنرا بوو، وەزیریش هەر کەسێک لە ئامادەبوان دەسکە گوڵێکی پێدەدا (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٢٣). بە هەمان شێوە خەلیفەکانی کۆتایی عەباسیش بەردەوام بوون لەسەر ئەم بۆنەیە ئەوەتا خەلیفە(الناصر)بۆ هەردوو کورەکەی (ابو نصر-ابو جعفر) ساڵی (٥٧٨ک/١١٨٢ز) بۆنەی سازداوە بۆ خەتەنە کردنیان تیایدا گەورەپیاوانی دەوڵەت و تایبەت ئامادە بوون و خواردن و گۆرانی وشایی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام بووە (القدحات،٢٠١٥،٢٠٣)، دواتریش ساڵی ٦٦٤ک/١٢٤٨ز) خەتەنەی هەردوو کوڕەکانی (المستعصم بالله)(ابی العباس احمد-ابی الفضل عبدالرحمن) ژمارەیەک لە مناڵانی سەرکردەو میرەکان خەتەنە کران (الغساني،١،١٩٧٥/٥٨٦).

بە هەمان شێوە فاطمیەکانیش ساڵی (٣٤٠ک/٩٥١ز) (اسماعیل بن القائم) فاطمی فەرمانی کرد کر کوڕانی سەرکردەو دارو دەستەکەی و کۆیلەو سەربازو خەڵکی ئاسایی لە شاری قەیرەوان بە کۆمەڵ مناڵکانیان خەتەنە بکەن ژمارەیان گەیشتە دەهەزار مناڵ، دەستکرا بە خەتەنەکردن، خواردن ئامادەکرا خەڵکی گشتی و تایبەتی بەشدار بوون پارە دابەشکرا هەر کەسێک سەد دیناری بەرکەوت، لە ڕۆژێک پێنج سەد تا هەزار خەتەنە دەکران نزیکەی حەڤدەرۆژی خایاندووە بە شێوەیەک بوو بۆنەکە بەرلەم کاتە بەم شێوەیە نەبینرابوو(کتاب العیون والحدائق،ص٢٥٢-٢٥٣).

خەلیفە (المعز الدين الله)ی فاطمی ئاهەنگی خەتەنەی بۆ هەرسێ کوڕەکەی (عبدالله- نزار- عقیل) کرد، تیایدا نوسەر و والی ناوچەکانی ئامادە بوو تا سنوری سجلماسە لەم لاشەوە تا دوورگەی (صقلية) کە گوند و شارنشین هەموو ناوچەکانی ئازاد و کۆیلە ڕەش پێست و سپی پێست، ماوەی مانگێکی خایاند دابەشکردنی خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ کە ئەمەش لە ساڵی (٣٥١ک/٩٦٢ز) بوو، لەم بۆنەیەدا کیسی بچووکی پارە دابەش دەکرا بەسەر خەڵک (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٢٥).

یەکێک لە بۆنەکانی تر کە خەلیفەکان تیایدا بەشداریان دەکرد دلخۆشی خۆیان دەردەبری کاتی تەواوکردنی کۆشکەکانیان بووە، بۆ نموونە خەلیفە (المعتصم بالله) کاتێ کۆشکەکەی خۆی لە (المیدان) لە سامەرا تەواو کرد، خۆی و خێزان و بنەماڵەکەی تیایدا کۆکرنەوەو فەرمانی کرد و هەموویان ڕۆبی حریر بپۆشن، قەرەوێڵەی لە هەیوانی کۆشکەکە دانا نەخشێنرابوو بەگەوهەرو مرواری ڕەنگاو ڕەنگ، تاجێکی پڕ لە گەوهەریش لەسەر سەری بوو لەم ڕۆژەدا (إسحاق بن إبراهیم الموصلی) شعری خوێندەوە، کە خەڵک زۆرپێیان خۆش بوو سەر سام بون (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٣٠).

### ٤.٢. ڕێو ڕەسمی پێشوازی لە وەفد و چاوپێکەوتنی سەرکردەکان

بێگومان بوونی پەیوەندی و هاموشۆی نێردراوان لە نێوان دەسەڵاتداران هەر لە کۆنەوە هەبووە لە مێژووی ئیسلامیش لە نێوان پێغەمبەر (د.خ) دەسەڵاتدارانی دەوروبەری نامە و نێردراو هەبووە، ئینجا بۆ مەبەستی سیاسی و ئاینی جگە لە مەبەستی تریش، دواتریش لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدی و دواتر ئومەویەکان و عەباسیەکان... هتد، بەردەوام بووە.

(ابن الزبیر) لەم کتێبەی باسی هەندێ پێشوازی و چاوپێکەوتنی کردووە کە لە سەردەمە جیاوازەکان کراوە، یەکێک لەم پێشوازی و چاوپێکەوتنانە نێردراوی مەلیکی ڕۆم (قسطنطین السابع)ە بۆ لای خەلیفە (المقتدر بالله) ساڵی (٣٠٥ک/٩١٧ز) کە مەبەستی ئاگربەست بووە، وەزیری خەلیفەش لەم کاتەدا (ابن الفرات)(٧) بووە لە وەزارەتی

سێیەمی بووە، دیاری زۆر و بەنرخیشی لەگەڵ بوە کە هاتووە بۆ بەغداد، وەزیری ناوبراویش کاروبارو ڕێوە ڕەسمی پێشوازی کردنەکەی ڕێکخستووە لە ڕاخستنی فەرش و هەموو ئەم ئامێرو کەل و پەلانەو قاپانەی کە پێویست بووە، بەر لە وەی بچێ بۆ لای خەلیفە ئەم وەفدە پێویست بووە کە لەگەڵ وەزیردابنیشێ و مەبەست مەرامی خۆیان پێ بڵێ فەرمان وەربگرێ ئینجا خەلیفە ببینێ دوای ئەوەی کە لەگەڵ (ابن الفرات) کۆبویەوە ئینجا ڕێگای پێدرا لەگەڵ پەردەدارو خزمەتکارو سەربازەکان بەرەو لای خەلیفە بچێ، خەلیفەش لە کۆشکی خۆی لە (دار البستان) لە هەیوانێکی بنمیچ کراو بە زێر و بەرد و فەرشی جوان و جوانترین و بەنرخترین کەل و پەل رازێنراوە دانیشتووە، ئینجا دوو کەسی وەفدەکە یەکیان تەمەنی لە دەوروبەری ٦٥ساڵی دەبوو ئەوەی تر ٤٥ ساڵی کە وەرگێر بووە، لەلایەن خەلیفە ئامادە بووان خاوەن پۆلیس پەردەدار و نوسەر و وەرگێر، بەدرێژایی ڕێگاکە بۆ ناو کۆشک تا دەگاتە خەلیفە سوپا بە ئامادەکاری بە جوانترین جل و بەرگ زرێپۆش و قەڵغانەوە ڕێز ببوون، جگە لە بەکارهێنانی ئامێری زێر و زیو، وە خانێک هەبوو لە ناو کۆشکی خەلیفە کە هی سوار وئەسپەکان بوو کە بە (خان الخيل) ناسرابوو کە بە بەرد دروست کرابوو کە لەم بەرو ئەم بەری ئەم خانە هەریەکە پێنج سوار وەستا بوو، جگە لەوەی کە هەندێ جۆری ئاژەڵ هەبوو کە خەڵک دەچووە نێو کۆشکەکە لێی نزیک دەبویەوە بۆنی دەکرد خواردنی پێدەدا بەدەستی ئەو دەیخوارد، جگە لە فیل و زەرافە و شێر، خەلیفە لەسەر قەرەوێلەیەک دانیشتووە لە زێر بە جوانترین جل و بەرگ و نەخشێراو بە جوانترین شێوە لە چوار دەوری وەزیر و کاربەدەست و خزمەتکارەکانی، کە نێردراوەکە دێتە ژوورەوە دەبێ زەویەکە ماچ بکات سەلام بکات و ڕاوەستی تا فەرمانی پێدەکرێ بێتە لای خەلیفە، ئینجا فەرمان دەکرێ ئەو نافورانەی کە دروست کراوە دەکرێتەوە کە ئاوی گوڵ و مسک دەسورێنی بولبول و باڵندەکانی ئەوێ بەخۆشترین ئاواز دەخوێنن لەم ناوە کە پڕیەتی لە داروبار، دواتر دێتە لای خەلیفە، مەبەست و قسەکانی لە ڕێگای وەرگێرەکە ڕادەگەیەنێ، کە خەلیفە فەرمانی دا و کاری تەواو دەبێ بەرێ دەکرێتەوە ئەم جارەیان بە دەرگایەکی تر دەنێردرێتە دەرەوە جیا لەوەی لێ هاتووە بەدیاری کیسەی پارەوە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٣٥- ١٣٨).باسکراوە کە لە بەغداد لە ساڵی(٣٠٠ک/٩١٢ز) خانویەکی تایبەت لە نێو کۆشکی خەلیفە (المقتدر) هەبووە جۆرەها گیانلەبەری ناوازەو سەیرو سەمەری تیابووە لە ناوچەکانی تر هێنرابوون(ادم متز،١٩٦٧،٢٦٥). ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە لە سەردەمی خەلافەتی عەباسی گرنگی بە پێشوازی لە میوان و نێردراوان دراوەو ریزیان لێگیراوە جگە لە بوونی کاربەدەست و وەزیرو وەرگێڕو پەردەدار قۆناغ قۆناغ توانیویانە چاویان بە خەلیفە بکەوێ،سەرباری گرنگی دان بە بابەتی جوانکاری و ڕازاندنەوەی ئەو شوێنەی کە تیایدا تێدەپەڕن چاویان بە خەلیفە دەکەوێ.

لە سەردەمی سامانییەکانیش بە هەمان شێوە گرنگی بەم لایەنە دراوە لە ڕووی جوانکاری و چەک و سوارو بەکارهێنانی ئاژەڵی دڕندە، ئەوەتا باسی ڕێوە رەسمێکی پێشوازی دەکرێ کە سەیر و سەمەرەیە و نیشانەی پێشکەوتوویی شارستانیەتی سامانیەکان جگە لە هێزو سیاسەتەکەیان باشی لایەنی ئابوری ئەویش پێشوازی کردنی نێردراوی مەلیکی (چین)ی بۆ لای (نصر بن أحمد بن نوح بن أسد) واتا (نصری دووەم) لە ساڵی(٣٢٧ک/٩٣٨ز) کە داوای خەراجی بیست و حەوت ساڵی دەکرد و هەڕەشەی دەکرد کە ئەگەر گوێڕایەڵ نەبن هێزی سەربازی ڕەوانە دەکات بۆ شەڕ، بەر لەوەی بگەنە لای (نصر) لەلای (مالک) کە والی فرغانە بوو دابەزین ناوبراویش نامەی بۆ (نصر) نووسی هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند، (نصر) داوای لە (مالک) کرد ڕێزیان بگرن و خزمەتیان بکەن کە چوار شێخ بوون هەریەکە و سوارو خزمەتکاریان بۆ دابین بکرێ و سوپا و خۆبەخشانی فرغانە کۆبکرێنەوە و هەموو ناوچەکانی (أسروشنە- سمرقند- الشاش- اسبیجاب- بخاری) بەهەمان شێوە فەرمان کرا بە ڕاخستنی فەرش لە هەموو ماڵێک هەرماڵێک بەڕەنگێک، ڕاخستنی جۆرێک فەرش لە دیوەخانەکەی خۆی کە لە زێر چێنراو لە سەری تاخوارەوەی، دروست کردنی تاجێکی زێرین و کەل و پەلی تری ناو دیوەخانەکەی بەزێر، فەرمانی بەخاوەن سوپای خۆبەخش کرد کە چی چەک و پێداویستی زرێپۆشی زێر و سوار هەیە لە ئامادەباشی دابن لە هەموو شوێنێک. کاتێ نێردراوەکان گەیشتن بینیان تیشکی خۆر لە سوپاکەی دەدا بە زرێپۆشەکانەوە دەبریسکانەوە مێکشیان ڕاوەستا و سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد بەسەر سامیەوە، بەم جۆرە شاربەشار تێپەڕین بەم شێوەیە ئامادەکرابوون زۆر سەر سورما و بوون، تا یەکێک لە نێردراوەکان بە وەرگێڕەکەی ووت ئەمە گەورەی ئێوە ئەم پارەیەی لە کوێ هێناوە، وەرگێر وەڵامی دایەوە کە هەموو خەڵکی ناوچەکە دەوڵەمەند و بازرگان و خاوەن کارن ئامادەیان کردووە ووتی خەلیفەش لە بغداد بە هەمان شێوە ئەمەی هەیە ووتی بەڵێ بەقەد مەڕەکان سوپای هەیە، کاتێ نێردراوەکان گەیشتنە بخاری (نصر بن احمد الساماني) بەخۆی و چل پەردەدارەکانی ڕاوەستا بوون جگە لە پاسەوان هەموو بەڕۆب و فەروی شیری و زێرەوە، پەنجا (شێر) لەلای ڕاست و پەنجای تر لەلای چەپ، وە سەد شێخ لەلای ڕاست سەدی تر لەلای چەپ بەجلی ڕەش و شیری زیوی سپی جگە لە دە شێخی تر لەلای چەپ دانیشتبوون دەی تر لەلای ڕاست، قەرەوێلەیەکی زێری گەوهەردار تاجی دروست کراو لەسەر قەرەوێلەکە دانرابوو، شێرەکان فێرکراوبوون لە کاتی فەرمان پێکردنیان بەو شێوەیەکەی کە ئاماژەیان بۆ دەکرێ، ئینجا کە دێنە ژوورەوە بۆ لای پاشا بەر لەوە لەلای پەردەدارەکان زەوی ماچ دەکەن و سڵاوی مەلیکانە دەکەن دواتر دەڕۆن بۆ پەردەیەکی تر وادیارە پەردە پەردەیە تا دەگەنە لای مەلیک شێرەکانیش بەدوایانەوە، بە ئاوی گوڵ و کافور دەیان ڕشێنن، دوای ئەوەی کە دەگەنە لای (نصر بن احمد الساماني) نامەکەیان دەخوێندەوە وەڵام دەداتەوە بە نووسراوێک دەچنە دەرەوە دواتر فەرمان دەکات کە خوانیان بۆ ئامادەبکرێت کە دەردەچن لە دیوەخانە پڕ لە شێرەکە، لە ژوورێکی تر هەریەکەیان پارچەیەک لە قوماشیان پێ دەدرێ کە گرانبەهایە لەسەر مێزێکی زێر و گەوهەردار قاپ و کەوچک و پەرداخی زێر و پێشکەش کردنی جۆرەها خواردنی سارد و گەرم جۆرەها ڕەنگی شیرینی، دوای تەواوبوونیان لە نان خواردن

دەچوونە دیوەخانی خواردنەوە کە هەر لەسەری دیوەخانەکە بەهەموو کەل و پەلی تا خوارەوە لە زێر دروست کراو، بۆیە سەریان سورما، دوای خواردنەوەیان بەڕێز و کەرامەتەوە بەرێکران و گەڕانەوە، دەوترێ کەنێردراوەکان گەڕانەوە باسی ئەو شتانەیان بۆ مەلیکی (چین) کرد مەلیک لەبەر ئەم هۆکارانە بوو بە موسڵمان (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٤٠-١٥٠)، هەربەم بۆنەیە باسی پۆستێک دەکات کە پێی وتراوە (خفیر) مانای پۆلیسی گەیاندووە بۆ پارێزگاری لە کەسانێک کە لە ڕێگای چۆل و بیابان دا دەڕۆیشت کەسێک لە پۆستە چووە لەگەڵ ئەم نێردراوانە بۆ بەرێکردنیان(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥٠).

(ابن الطقطقي) ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەلیکەکان زۆر زێدەڕۆییان کردووە لە بەکارهێنانی هەیبەت و خۆ گەورە نیشاندان لە کاتی هاتوچۆیان شێرو پلنگ و لێدانی بوق و دەف کە بۆ مەبەستی خۆ چەسپاندن و گەورەکردن و ترساندن و دووپاتکردنەوەی هەیبەتی خۆیان لە لای میللەت،یەک لەوانە (عضدالدولة)کە لەسەر قەرەوێلەکەی دانیشتووە شێر و پڵنگ و فیل بە ڕیزە لە تەنیشتیەوە بوون لە نێو دێوەخانەکەی (١٩٩٧،٢٩)، بەهەمان شێوە لەسەردەمی فاطمەکانیش ڕێو ڕەسمی پێشوازی کردن لە میوان و نێردراوی بیانی گرنگی پێدراوە، بۆ نموونە کاتێ نێردراوی مەلیکی ڕۆم (بسیل الثاني) هاتووە بۆ مصر بۆ لای خەلیفە (الحاكم بأمر الله) فەرمانی کردووە بەڕاخستنی هەیوانی کۆشک بە فەرشی ناوازە و هەروەها هەڵواسینی پارچەی ناوازە، بۆ ئەمە گەنجینەکان بپشکنرێ دۆزیویانەتەوە کە ژمارەیان بیست و یەک پارچە بووە لە دەستکردی کۆیلەکان بەزێر چنرابوو، هەمویان ڕاخستن وە لە ناوەڕاستی هەیوانەکە (العسجدة) یان هەڵواسی کە پارچەیەکی وەکو کاغەز بوو لە زێر دروست کرابووە پڕی بوو لە پارچە گەوهەری بەنرخ بەهەموو جۆرەکانی کاتێ تیشکی خۆر لێیدەدا بەشێوەیەک دەبریسکایەوە ئەستەم بوو چاو بتوانی سەیری بکات (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥٠-١٥١).

### ٢.٥. جل و بەرگ و خشڵ و بۆن و بەرامی خەلیفە و دەسەڵاتداران:

#### أ- جل و بەرگ

یەکێك لەو لایەنانەی کە خەلیفە و سەرکردەکان گرنگیان پێداوە جۆری ئەو جل و بەرگ و پارچانەی کە جلەکانیان لێدروست کراوە، چۆنیەتی درون و نەخشاندن و چنینی بە زێر و زیو و گەوهەر، کە جگە لە شارستانیەتی موسڵمانان لە ناوچەکان و وڵاتانی دەوروبەریش باو بووە بگرە کاریگەریشی بەسەریانەوە هەبوو بۆ نموونە ساسانیەکان و ڕۆمەکان و هیندو چینەکان.

ڕەنگە تارادەیەك لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدی گرنگی بەم لایەنە نەدرابێ بەڵام لەمان بە دواوە لەسەردەمی ئومەوییەکان سەردەمی خۆشگوزەرانی و گرنگی دان بە لایەنە جوانکارییەکان دەست پێدەکات.

بە بەڵگەی ئەوەی لەو کاتەی (ابا حمزة الخارجي) کە دەچێتە مەدینە سەرکۆنەی(یزید بن معاویە) دەکات لەوەی کە جل و بەرگی حەڕام و گرانبەها دەپۆشێ، (الاصفهاني،د.ت،١٠٦/٢٠)، جگە لە (سليمان بن عبدالملك) یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر گرنگی بەم لایەنە داوە جل و بەرگی ژێرەوەشی چنراو و بە نەخش بووە،بە ڕادەیەک فەرمانی کردووە کە مرد کفنەکەشی چنراو بێ، (المسعودی،١٤٠٩،٣/١٧٥)، (ابن الزبیر) باسی دروست کردنی جۆری پارچە و قوماش دەکات لە ڕۆژانی خەلافەتی (هشام بن عبدالملك) دەڵێ بەر لەمە ئەم جۆرانە نەبون چەند جۆرێکی ژماردووە وەکو (الخز الرقم- الوشي- الأرمني- ستورطراز) جۆرێکی تر کە تایبەت بووە بە خەلیفە (هشام) پێی ووتراوە (الخز أخضر الهشامي)، ئەو کەل و پەل و جل و بەرگی خۆی بە یەك جۆر نەخش و چنین دروست کردبوو کە جوانترین جۆری ئەم سەردەمە بوو کە خەڵك بینیویانە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢١١).

لە سەردەمی عەباسیەکانیش پیشەسازی دروست کردنی پارچەی قوماش وجل و بەرگ پێشکەوتنی زۆری بە خۆوەوە بینی،لە زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی بە هەموو جۆرەکانیەوە،کە ناوی جۆراوجۆر بۆ شێوەو ستایلەکەی دادەنرا یاخود هەندێجار بەناوی خەلیفەیەکەوە دەکرا کە تایبەت بوایە یا یەکەم جار ئەم لەبەری کردبوا بۆ نمونە (المتوكلية) کە وسف کراوە تایبەت بووە لە پەمۆ و سوف یاخود ئاوریشم و پەمۆ دروست کراوە بە ڕەنگێکی زۆر باش ڕەنگکرابوو، یاخود (المعتصميات) دەگەڕایەوە بۆ خەلیفە (المعتصم)، (المسعودي،١٤٠٩هـ،٢٢٨/٤).

باسی جۆرە لێفەیەک کراوە لە ماڵی (قبيحة)ی هاوسەری خەلیفە (المتوكل) هەبووە، میوانێک لەوێ ماوەتەوە کە شەو داهاتووە جێگایان بۆ داناوە لێفەکەیان داوەبەسەر جێگاکە بیری کردووە کە ئەم شەو زۆر سەرمای دەبێ، بەڵام کە خەوتووە لەگەرما ئارەقی کردۆتەوە سەرسام بووە، بەیانی لە خزمەتکارەکەی پرسیووە ئەمە چیە لە نێو ئەم قوماشە تەنکە ووتویەتی مووی (السمور) لێکراوەتەوە لە بری لۆکە بەکارهێنراوە بۆ گەرمی (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٣٧).

باسی جل و بەرگی وەزیر (أبو الحسن على بن محمد بن الفرات) دەکات کە لە دوای لابردنی لە وەزارەت ساڵی(٢٢٧ک/٨٤١ز) گەلێک کەل و پەل و جل و بەرگی گرانبەهای هەبووە کە بە ژمارە نەهاتووە، یەکێک لە جل و بەرگەکانی پێی ووتراوە (دبيقية) کە زۆر نەرم ناسک بووە،دەوترێ لەماوەی وەزارەتی هەموو ڕۆژێک دە مەندیلی گۆڕیوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٢٩)،ناوی ئەم جۆرە جل و بەرگە دەگەڕایەوە بۆ شاری(دبيق)لە ووڵاتی مصربەرهەم دەهێنرا کە دەوترێ ناوبانگێکی باشی هەبوە لە دروست کردنی جل و بەرگی ئاوریشمی لە سەردەمەکانی ئیسلام (العبيدي،٦٨،١٩٨٠).

هەر لەسەردەمی عەباسییەکان باسی جۆرە جل و بەرگێک دەکرێ کە (جبة) رۆبێک بووە پێی ووتراوە (جبة السعيدية) لە ماڵی (على بن عيسى) دۆزراوەتەوە دوای ئەوەی بەفەرمانی خەلیفە (المتوكل) دەست بەسەر ماڵی داگیراوە بینراوەتەوە، بەنرخ بووە هەمووی لە پێستی ئاژەڵ دروست کراوە لە ژێر هەریەک لەم ڕۆبە قەمیس هەبووە جگە لە شاڵ و مێزەرو جەمەدانی و پێداویستی تر (ابن الزبیر، ١٩٥٩،

١٨٧). باسی ئەوە دەکرێ کە لەنێو کۆشکی خەلیفە(المتوکل) کۆگایەک هەبوو لە لای ڕاستی کۆشکەکە زۆربەی جل و بەرگ لەوێ پارێزراوە پێی دەوترا(خزانة الخلع السلطانية)(الخطيب البغدادي،تاريخ بغداد،١٤٥٦/٦/٢٠).

(هارون الرشيد)یش زۆر حەزی بە جل و بەرگ بووە خەڵک جوبەی زۆر بۆ کردووە بە دیاری بۆیە کە مردووە (٤٠٠) جبەی نەخشێنراو لە خەزێنەکەی هەبووە، (الجهشياري،الوزراء،٢١٤).

(ابن الزبير) باسی دو وڕۆب دەکات کە دۆزراوەتەوە لە بەغداد لە ماڵی خەلیفە (قائم بأمر الله) ساڵی (٤٥٠ک/١٠٥٨ز) کە لەفەروی پێستی ڕێوی ڕەش و سپی دروست کرابوون هی (المأمون و المهتدی) بوون زۆر جوان بەنرخ بوون قیمەتی هەریەکەیان پێنج سەد دینار بوون، خەلیفەکانی عەباسی بەگشتی زۆر حەزیان بەجل و بەرگ بووە ئەوەتا خەلیفە (أمين) کە لە دوای باوکی فەرمانی بە (فضل بن ربيع) کردووە کە سەر ژمێری کەل و پەلی ناو خەزێنەکان بکات نوسەر هاتووە سەرژمێری کردووە، چوار هەزار جوبەی چێنراو بەزێر، چوار هەزار جوبەی ئاوریشمی داپۆشراو بە فەروی گیانلەبەر.(١٩٥٩، ١٩٦)

لە سەردەمی فاطمیەکان باسی پێشکەوتوویی جل و بەرگ دەکرێ لە ڕووی قوماش و ڕەنگ و چنین و شێوازی دروین بەتایبەتی (راشدة) کچی خەلیفە (المعز الدين الله) کە مردووە ساڵی (٤٤٢ک/١٠٥٠ز) لە کۆگای جل و بەرگەکەی سی هەزار جۆری پۆشاک لە خوری و ئاوریشم بەجۆرەها ڕەنگ و شێواز دۆزراوەتەوە. هەندێ جۆری پۆشاک لە پێستی جۆرە گیاندارێک دروست کراوە پێی ووتراوە (السمور) ئەم گیاندارە لە ناوچەکانی (چین و کۆریا و یابان) لە دارستان هەبووە پێستەکەی جۆرە مویەکی پێوە بووە دوای خاوێن کردنی پێستەکەی و بۆن خۆش کردنی بەمسک و عەنبەر جلی زستانەی لێدروست کراوە بەهۆی ئەوەی زۆر گەرم بووە، لە ناوچەکانی خۆراسانەوەدەنێردرا بۆ خەلیفە و بنەماڵەکەی، وا دیارە کەگرانبەهاش بووە کەسی ئاسایی نەیتوانیوە بیکرێ(ابن الزبير،١٩٥٩، ٢٣٦-٢٣٩).

**ب- خشڵ و جوانکاری**

سەبارەت بە کەل و پەل و خشل و زێر و زیو و جوانکارییەکان بەکارهاتووە لەلایەن خەلیفە و سوڵتان و وەزیر و خێزانەکانیان گرنگی پێدراوە، بەتایبەتی ئەوەی لەم کتێبە باس کراوە زۆری سەردەمی عەباسیەکانە بۆ نمونە باسی گوستیلەی خەلیفە(مأمون) دەکات کە وەکو مۆر بەکاری هێناوە لە دوای مردنیشی (خیزران)ی خێزانی بەکاریهێناوە، دواتر خەلیفەکانی تریش بەکاریان هێناوە (ابن الزبير،١٩٥٩، ١٨٣)، جۆرە گوستیلەیەکیش لە کاتی هاتنی (مأمون) بۆ بەغداد (فضل بن الربيع) پێی داوە یاقوت بووە زۆر جوان و بریقەدار بووە کە بەر لەمە لەم جۆرە نەبینرا بوو خەلیفەزۆر دڵخۆش بووە چونکە زۆر حەزی لە گوستیلە بووە(ابن طيفور،٢٠٠٩،٧)، خەلیفە (المتوکل)یش گوستیلەیەکی سوری هەبوو پێی دەووترا (الجبل) کە مسقاڵێک و نیو بووە نەخشێنراو بوو، جگەلە لەگوستیلەیەکی تر پێی وترا وە (المنقار) سیانزە مسقاڵ بووە، یەکی تری سوور بووە پێی ووتراوە (المطلبی)کە کێشەکەی شەش قیراط بوو کە ئەم جۆرە پێوانەیە بەپێی زەمەن گۆڕاوە، سەد دانە مرواری پێوەبووە هەر مرواریەک مسقالێک بووە، ئەم گوستیلەیە لە لایەن چەند خەلیفەیەک بەکارهاتووە، ماوەتەوە تا سەردەمی خەلیفە (المستعين بالله و المقتدر بالله) دوای ئەوان بزربووە دیارنەماوە(ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٧٩). وادیارە هەروەک وەسف دەکرێ خەلیفە (المقتدر) زۆر حەزی لە خشڵ و جوانکاری بووە خەزێنەکەی پڕبووە لە گەوهەری دەگمەن و بە نرخ لەوانە ئەو گوستیلەی کە لە ڕۆژانی خەلیفە (الرشيد) بە سێسەد دینار بوو، مرواریەکی قورسی پێوەبوو سێ مسقاڵ بوو، جگە لە چەند گەوهەری تر(ابن الطقطقي،٢٥٣،١٩٩٧).

(قبيحة) کە مردووە سێ پارچە زێری لە دوا بە جێماوە کە یەکیان زومردی پێوە بووە پێشتر کەس لەم جۆرەی نەبینی بوو، نیوەکەی تری مرواری پێوە بووە زۆر ناوازەو جوان دروست کرابوو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢٣٥).

کاتێ (إبراهيم بن المهدی) دەست بەسەر کرا ساڵی (٢١٠ک/٨٢٥ز) گوستیلەیەکی لە دەست بووە لە یاقووتی سوور، لێیسەنرا فرۆشرا بە خەلیفە (أمين) بەدە هەزار دینار، دواتر ئەم گوستیلەیە دۆزرایەوە لە خەزێنەکانی دەوڵەتی فاطمی لە مصر(ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٧٨). لە ناوازەترین ئەو گوستیلە یاقوتانەی کە بینراوە هی (عیسی بن ابی جعفر المنصور بالله) بووە یاقوتی سوور بووە شەوێکیان لەکاتی گەڕانەوە لەلای خەلیفە(هارون الرشيد) لە پەنجەی کەوتووە زۆر گەڕاون نەیان دۆزیوەتەوە، خەلیفە فەرمانی کردووە بە کوژراندنەوەی مۆمەکان کە تاریک بووە شوێنی گوتسیلەکە وەکو ئاگر رووناک بۆتەوە بینیویانەتەوە(ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٧٨).

ئەم گوستیلەی کە پێی دەوترا (الجبل) خەلیفە (المهدی) کڕیبووی بە سێ سەد درهەم کە لە مەلیکی کیسراکان دەستاو دەستی کردووە لە زەمانی کۆن نەخشێنرابوو، دواتر (هارون الرشيد) بەهۆی ئەوەی زۆر حەزی لە بابەتی جوانکاری بووە،دواتر (الهادی) لە خەلافەت بووە داوای لێکردووە پێی نەداوە، ئەم گوستیلەیەکەوتۆتە ناو ڕووباری دجلە کە (هارون الرشيد) بووە بەخەلیفە داوای لە غەواسەکان کردووە کە بەدوایدا بگەڕێن کەبۆیان دۆزیویانەوە زۆر دڵ خۆش بووە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٨٠- ١٨١).

لەسەردەمی بوەیهییەکان باسی تالانکاری سەردەمی (رکن الدولة) دەکات لە ئەهواز ساڵی(٤٢١ک/١٠٣٠ز) لەم کاتەدا گوستیلەیەکی یاقوتی سور دۆزراوەتەوە پێی وتراوە (الجبل) وەزنەکەی چواردە مسقال بووە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٩٢)،ئەم گوستیلەیە گوازراوەتەوە بۆ خەلیفەکانی فاطمی لە مصر ، هەندێ جار کە کەوتۆتە دەستی خەڵک دەستاو دەستی کردووە وگوستیلەیەک لە شێوەی (الجبل) لە یاقوتی سور کڕدراوە بۆ (الظاهر الإعزاز دين الله) بە چوار هەزار دینار، (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٩٣). هەر لە بارەی گوستیلەی (الجبل) دەوترێ لای خەلیفەی فاطمی(العاضد)مابویەوە کە دەست بەسەر ماڵ وسامانی داگیرا کەوتە دەست ئەیوبیەکان گوایە شانزە مسقاڵ بووە زۆر گەورە درێژ بووە(ابن الطقطي،٢٥٨،١٩٩٧).

لە یەمەن لە ساڵی (٤٤٩ک/١٠٥٧ز) هەر لە سەردەمی فاطمیەکان ژمارەیەکی زۆر گەوهەر خشل دۆزرایەوە لە نێوی پارچە بەردی پیرۆزەیی تیابوو کە کێشی هەر پارچەیەکیان پێنج درهەم بوو(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٩٤).

جگە لەمە لەلایەن بویهیەکان سەرکردەکانیان بۆ نموونە (عماد الدولة)بازنەی زێر لە دەست کراوە، زۆر جار لە کاتی پشودان دەستی چەپی لە ناوجلەکانی دەرهێناوە وبە دەستی ڕاستی خۆی دەستی لێداوە بینیویانە کە بازنەیەکی زێر لە دەست دایە گەوهەرێکی سوری هێلکەیی پێوەیە کێشەکەی حەڤدە مسقاڵ بووە لە باشترین وجوانترین ڕەنگی یاقوت بووە دواتر کەوتۆتە لای فاطمیەکان لە ڕێگەی (أمیر الجیوش)[٨] داویەتی بە خەلیفە المستنصر باللە)(ابن الزبیر،١٩٧،١٩٥٩).

**ج- بۆن و بەرام**

بۆن و بەرام و بەکارهێنانی لەلایەن خەلیفە و دەسەڵاتدارانی هەر لە کۆنەوە جێگەی بایەخ بووە و گرنگی پێدراوە، هەم بۆ خۆیان و هەم لە نێو ماڵەکانیان، هەندێ جار بەدیاری ئاڵ و گۆڕ کراوە، لە نێوان دەسەڵاتداران، هەندێ جار بەنرخی زۆر کڕاوە وهەڵگیراوە لەکاتی بۆنە ومەراسیمە تایبەت وگشتیەکان بەکارهاتووە، بۆ نموونە باسی جۆرە بۆنێکی زۆرخۆش دەکرێ کە لەلایەن مەلیکی هیند بە دیاری نێردراوە بۆ(حسن بن سهل) کە پێشتر بەم جۆرە بۆنە نەبوو(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٣٢)،یاخود ڕشاندنی ماڵەکانیان بە بۆنی مسک و عەنبەر بەنرخ بووە، ئافرەتێک یاخود کەنیزەیەکی بەرمەکی لەوکاتەی بڕیار بووە کە(هارون الرشید)سەردانی ماڵیان بکات،فەرمانی کردوە کە هەموو حەوشەو باخەکەی مسک ڕێژ بکرێ تاوەکو بۆنی خۆشی لێبێ (ابن الزبیر،١٩٥٩،٩٧).یاخود کە باسی هاوسەرگیری (بۆران) بە(مأمون) دەکرێ لەم ڕۆژەدا (حسن)ی باوکی چەندان دیاری بۆنی عەنبەری بە(بوران)ی کچی بەخشیوە(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٠٠).

جگە لەم بۆنانەی ناومان بردن بۆنی (گوڵ و کافور) لەلایەن سامانیەکان بەکارهاتووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٤٧).

### ١.٣. گرنگی لایەنی شارستانی کتێبی(الذخائر والتحف)

**- کۆشک و تەلار و خەزێنەکان**

کۆشک و تەلار و بیناکان لە هەر شوێنێک نیشاندەری ئاستی شارستانیەتی ئەم شوێنەیە، شارستانیەتی ئیسلام لەم ڕووەوە لە قۆناغی سەرەتا دەستی پێکردووە بەتێپەڕبوونی کات گەشەسەندنی بەخۆوە بینوە بەپێشکەوتنی لایەنی ئابووری و سیاسی و کاریگەری شارستانیەتەکانی دەوروبەری.

لە کتێبی (الذخائر والتحف) باسی چەند شوێنەوارێک کراوە، ئاستی شارستانیەتی ئەم سەردەمە جیاوازانەی کە مێژووی ئیسلامی پێدا تێپەڕیوە نیشان دەدات، یەکەم پاشماوە کە باسی لێوە کراوە خانووی (طلحە بن عبیداللە) یە کە خانووی خۆی لە گەچ دار دروست کردبوو (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٠١)،لە سەردەمی عەباسیەکان یەکێک لەم کۆشکانەی کە باسکراوە کۆشکی خەلیفە (المتعصم) لە(میدان) دروستی کردبووە، دوای ئەوەی چووە سامرا کۆشکەکە خراپ کراوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٢٩)، جگە لەمە باسی کۆشکێک دەکرێت لەسەردەمی خەلیفە (المعتمد باللە) تیایدا پیشوازی لە نێردراوی مەلیکی ڕۆم کراوە ناسرا بوو بە (دار البستان) لە بەغدا، کە بەجوانترین ڕایەخ و کەل و پەل ڕازێندرابوویەوە چەندان ڕێڕەو هەیوانی تیابوو لە بەرامبەری بیساتێکی دارخورما هەبوو کە چوار سەد دارخورمای زۆربەرزی تیابووە، جگە لە بوونی چەند خانێکی ئەسپ، هەرلە ناو کۆشکەکە دەچووی بۆ کۆشێکی تر ناسرابوو بە کۆشکی (فردەوس) هەر لەناو ئەم کۆشکەش دا دەتوانرا بچی بۆ کۆشکی (دار السلام) دەرگایەکی ئەم کۆشکە دەکەوتە سەر ڕووباری دیجلە دەرگای چوونە دەرەوە جیابوو لە هاتنە ژوورەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٣٦- ١٣٧- ١٣٨). لە ماڵی خەلیفە (القائم بأمرالله) لە بەغداد لە کۆتاییەکانی ساڵی (٤٥٠ک/١٠٥٨ز) لە هەندێ هەیوانەکانی ماڵی خەلیفە پەنجەرەیان دۆزیەوە کەوا گومان دەکرا نحاس یان ئاسن بێ بەڵام کە دەریان هێنا زانرا کە زێرە (ابن الزبیر،١٩٥٩، ١٩٦).

باسی کۆشکێک دەکرێ کە لە میسر دۆزراوەتەوە بەناوی (دار الجوهر) کە خەزێنەیەکی زۆر گەورە لە نێو ئەم کۆشکەدا هەبووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥٢). ئەم کۆشکە پاشماوەی فاطمیەکان بووە لە قاهیرە دیمەنێکی سروشتی زۆر جوانی هەبووە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی شارەکە، لە لایەن سەرکردە(جوهر)کە بەندەی (المعز) لە مەغریب لەگەڵی هاتبوو، کاتی دەست بە کاربوونی بنیادی نابوو، پێشی دەوترا کۆشکی(المعزي)لە بەرئەوەی بەفەرمانی ئەو کرابوو یا (کۆشکی گەورە)، لە ساڵی (٣٥٩ک/٩٧٠ز)تەواو دەبێ لە ساڵی دواتر شورای بۆ دەکرێ، دەکرێ بە کۆشکی خەلیفە تا دوا ڕۆژەکانی، دەوترێ کاتێ (صلاح الدین الایوبي) دەسەڵاتی لە فاطمیەکان وەرگرت ئەم کۆشکەی دا بە میرەکانی دەوڵەتەکەی و لەوێ نیشتەجێی کردن، (المقریزي،٢٤٧/١٩٩٨،٢)، ئەم کۆشکە چەندین ژووری کۆگای گەورەی تیا بووە وەکو کۆگای(کتێب، کەل وپەل، چەک،زرێپۆش،ڕەشمال و چادر،بەهارات، جل و بەرگ،بۆن وبەرام... هتد (المقریزي، ٢٩٠/١٩٩٨،٢).

(ابن الزبیر) کە باسی ئەم کۆشکە دەکات دەڵێ لە نێو ئەو پاشماوانەی کە لەم کۆشکەدا دۆزراوەتەوە پێنج داری سەوڵی بەلەم کە لەداری عود دروست کرابوو درێژی هەریەکەیان نۆ گەز بووە، جگە لە چەند گۆزەیەکی لە خۆڵ دروستکراو کە ڕەش ببوو بەهۆی ئەوەی سوتێنرابوو پڕ بوو لە زێر و زیو گەورە و بچووکی تیابوو بەجوانترین شێوە دروست کرابوو (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥٩). ژمارەیەک کوپی گەورە پڕی بووە لە کافور، جگە لە چەندین پەیکەری دروست کراوە لە داری عەبنەر و مسک و عود کە بە سەوزی بڕدرا بوون چاک کرابوون (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥٦). هەر لە نێو خەزێنەی کۆشکەکە سندوقێک دۆزراوەتەوە پڕ بووە لە پێنوسی تیژکراو و جۆرەها قەمیش کە بۆ مەبەستی نوسین بەکارهاتووە، جگە لە چەند مۆرێکی بەزێر نەخشێنراو، چەند گەنجینەیەکی کتێب دۆزرایەوە کە ژمارەیان نزیکەی چل گەنجینە بووهەژدە هەزار کتێبی لە زانستە کۆنەکان تیا بوو، دووهەزارو چوارسەدیش نوسراوی قورئان بە خەتی زۆر جوان و ڕازێنراوە بە زێرو زیو(ابن الزبیر،١٩٥٩،٢٦٢).

### ٢.٣.کەل وپەلی ناوکۆشک و تەلارەکان

گرنگترین بابەت کە لە لایەن خەلیفە و سوڵتانەکان گرنگی پێ دراوە بابەتی جوانکاری کەل و پەلی ناوماڵ بووە، ڕازاندنەوەی کۆشکەکانیان بەجوانترین کەل و پەل و ڕایەخ.
لە کتێبی (الذخائر والتحف) نموونەمان بۆ ئەم بابەتە گەلێک زۆرە بەڵام هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکی زەق و دیاری سەردەمی عەباسی و فاطمی نیشان بدەین، یەکێک لەم کەل و پەلانەی کە لە زۆربەی کۆشکی خەلیفەکان دا دانراوە بوونی تەخت بووە بۆ دانیشتنی خەلیفە لەسەری کە لە زۆربەی کاتدا لە دیوەخان و هەیوانی حەوشەی کۆشکەکاندا دانراوە، زۆرجار ئەم تەختانە بەزێر و زیو و هەروەها گەوهەرو مرواری دەنەخشێنراو دەرازانێرایەوە، بۆ نموونە باسی تەختێک دەکرێ کە خەلیفە (المعتصم) دوای ئەوەی کە کۆشکەکەی تەواوکردووە لە هەیوانی کۆشکەکەی لە سەر قەرەوێلەیەکی داپۆشراو و بەجۆرەها گەوهەری ڕەنگاو ڕەنگ دانیشتووە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٢٩)، یاخود لەکاتی چوونی وەفدی ڕۆم بۆ لای خەلیفە (المقتدر بالله) کە چوونە ژوورەوە خەلیفە لەسەر قەرەوێلەیەکی ڕاخراو تەنیشتەکانی نەخشێنراو ڕازاوە بوو دانیشتووە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٣٧)، یاخود کە باسی میر (نصر بن أحمد الساماني) دەکات لەکاتی سەردانی وەفدی چین لەسەر قەرەوێلەیەکی زێر نەخشێنراو بەگەوهەرو یاقوت، جگە لە بوونی تاجێکی زێر لەسەر قەرەوێلەکە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٤٥).

جگە لەمە باسی جۆرە مێزێک دەکرێ کە مێزی خوان بووە عەباسییەکان لە گەنجینەی ماڵی خەلیفە (مروان بن محمد) یان دۆزیوەتەوە سپی بووە هێڵی سورو ڕەشی تیابووە پێچکەکانی لەزێر بووە و سەرەوەی بەجۆرێک لە شووشەی فیرعەونی داپۆشراوە لە ناوەڕاستدا وێنەی شێرێکی بەرجەستەکراو بوو لەبەرامبەرشێرەکەش وێنەی پیاوێک کە تیروکەوانی بە دەستەوە بووە، ئەم مێزە مابوو تاوەکو ڕۆژانی خەلیفە (مأمون) گوایە ئەوەی لەسەر ئەم مێزە نانی خواردبا تێر نەدەبوو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٧٩)، لەنێو ئەو ئامێر و کەل و پەلانەی کە لە نێو ماڵدا هەبووە و بەکارهاتووە ئامێری شەراب دروست کردن بووە لە باخی (العباس بن حسن) وەزیری (أحمد بن طولون) لە مصر، هەروەها ئامێری میوزیکی (طنبور) کەل و پەل هەڵگرتنی یا خەزن کردن وەکو سندوق یاجانتا کە لە زێر وزیو داری ساج دروست کراوبوو هەروەکو ئەوەی لە ماڵی خەلیفەی عەباسی (المقتدر بالله) دۆزرابۆوەوە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٣٤). هەر لە ماڵەکەی (المقتدر بالله) (نافورە-ئاوهەڵڕێژ)ێک هەبووە لەکاتی سەردانی وەفدی ڕۆم بۆلای فەرمانی کردووە کە بکرێتەوە کە بەئاوی گوڵ و مسک دەبڵقێنران و باڵندە لە چوار دەوری دەیانخوێند دیمەنێکی جوانی دەبەخشیە ئاوەکە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٣٨).

سامانیەکان لە داوەتنامەکەی (نصر بن أحمد الساماني)، هەندێ دەستەسڕی گران بەها لە خوانەکە دابەشی سەر خەڵک کراوە، جگە لە بوونی گۆزەی ئاو و پەرداخ و قاپی بچووکی جوان کە هەموو لەزێر و زیو دروست کراوە، تەواوی پێکهاتەکانی دیوانخانەکەی لە زێر دروست کرابوو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ١٤٩).

(ابن الزبير) باسی دوو گۆزەی ئاوی زۆر گەورە دەکات کە لە کۆشکی (سيف بن ذي يزن الحميري) مەلیکی حمیری بووە لە (غمدان) لە یەمەن دۆزراوەتەوە لە زێر دروست کرابوو، جگە لە سێ گۆزەی تری سەوز کە بەجوانترین و باشترینەکانی گۆزەی ئەم سەردەمە دانراون (١٩٥٩، ١٩٤).
هەروەها دۆزینەوەی جۆرە ئامێرک لە ماڵی خەلیفە (القائم بأمر الله) لەکاتی تاڵانی بەغداد ساڵی(٤٥٠ک/١٠٥٨ز) کە جۆرە شووشەیەکی فیرعەونی بوو ناسراوبوو بە (قلب سليم) بە نەخش بوو دوو دەسکی لە خودی شوشەکە پێوەبوو لە ناوەڕاستی پێوانە هەبوو تاوەکو بزانرێ پێوانەکەی چەندە، لەسەری ناوی (هارون الرشيد) نوسرابوو لەگەڵ ساڵی حوکم کردنی(ابن الزبير،١٩٥٩، ١٩٧).

دیارە ئەمە جۆرە ئامێرێک بووە بۆ ڕاکێشانی خوێن لە جەستەی مرۆڤ بەکارهاتووە وەکو ئامێری کەلەشاخ (حجامة) کردن بەکارهاتووە.

لە کۆشکی (دار الجوهر) لە مصر چەند سندوقێک دۆزراوەتەوە کە ژمارەیان زۆر بووە پڕبوون لە چەتاڵی چوار گۆشە و بازنەیی و بچووک و گەورە دروست کراو لە زێر و زیو داری عود و زنجی و عاج، جگە لە جۆرەها داری داپۆشراو بەگەوهەر و زێر و زیو، جوانکاری ناوازە کە شێوازی دروستکردنی زۆر سەیر و وورد جوان بوو (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢٥٤).

هەر لەم کۆشکە جۆرەها سینی کە ئاوزێرکرابوو قەبارەیان زۆر گەورە بوو چەندین قاپ و قاپاخی چێشت لێنانی گەورە و بچووکی لەدار دروست کراو، هەندێ پەرداخی شووشە کە بۆ (ناصر الدولة) نێردرا، پەرداخەکان بە وێنە نەخشێنرابوون، جگە لە چەندین قاپی شووشەی گەورەی تەپسی کە دووبارە بە شووشە ڕوپۆش کرابوو دۆزراونەتەوە (ابن الزبير، ١٩٥٩، ٢٦٠،٢٥٦-٢٥٩).

### ٣.٣.فەرشی ڕایەخ و فەرشی دیواری ناو کۆشکەکان

گرنگی دان بە فەرش و ڕازاندنەوەی دیوار لە نێو کۆشکی خەلیفە و دەسەڵاتداران ڕۆڵی خۆی هەبوو بۆ جوان نیشاندانی ماڵەکانیان و یەکێک بووە لە بنەما سەرەکییەکان و سیما شارستانیەکان، بۆیە کۆشکەکانیان جۆرەها فەرش و ڕایەخی لە ئاوریشم دروست کراوە و بەزێر چنراو ڕازاندۆتەوە، کۆگای تایبەت هەبووە هەندێکیان هەڵگیراون لەکاتی هاتنی میوان هێنراون ڕاخراون. لە سەرچاوەکان ئاماژەکراوە ئەو فەرشانەی بەکارهێنراون فەرشی فارسی ئەرمەنی و بخاری بوو لەوێ دەچنرا و هەر لە سەردەمی ئومەویەکانەوە بەکارهاتووە ئەوەتا ئاماژە هەیە هەیە کە فەرشی کۆشکی خەلیفە (الوليد بن يزيد) فەرشی ئەرمەنی بووە (الاصفهاني،د.ت،١٧٣/٥).

(ابن الزبير) کەباسی پێشوازی وەفدی ڕۆم بۆلای خەلیفەی عەباسی (المقتدر بالله) دەکات لە کۆشکەکەی لە (دار البستان) کە ڕاخراو بە فەرشی نایاب و سەیر، جگە لە هەڵواسینی جۆرەها فەرش و پارچەی دیوار کە هەموو نایاب و گران بەها بوون(١٩٥٩، ١٣٠). هەر لەم سەردەمەدا (ابن محمد الحواري) بەرپرسی کۆگای فەرش بووە ٣٨ هەزار فەرشی

دیوار لەم کۆگایە هەبوو هەندێکیان لە داوی زێڕ و یاخود پێستی ئەسپ و گیانلەبەر دروست کرابوو بە زێڕ لەسەریان نووسرابوو یا نەخشێنرابوو، کۆگاکە فەرشی دیواری گەورەی چینی و ئەرمەنی و واسطی نەخشێنراوی تیابوو کە ناوی (مأمون، معتصم، الواثق، المتوکل، المکتفي)ی لەسەر نووسرابوو، وە ٢٢ هەزار پارچە فەرشی ئەرمەنی لە نێو ڕێڕەوی ڕێگای نێوان دەرگای سەرەکی و دەرگای ژوورەوە ڕاخرابوو، جگە لە شوێنی دانیشتنی خەلیفە (المقتدر باللە) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٣٤). کۆگاکەی دایکی خەلیفە (المقتدر) پڕی بووە لە فەرشی ئەرمەنی(مسکویە،٢٠٠٠،٥/٣٨٩)، گوایە ئەم فەرشانە لە لایەن والی ئەم ناوچانەی کە لێی دروست دەکرابە دیاری نێردراوە بۆ خەلیفە(ادم متز،١٩٦٧،٢/٣٥٩). لە ماڵی خەلیفەی عەباسی (قائم بأمر اللە) ساڵی(٤٥٠ ک/١٠٥٨ز) ئەو کاتەی بەغداد تاڵانکرا دوو فەرشی چنراو بەهێلکاری مرواری کە درێژی هەریەکیان سێ سەد زیراع بوو و دوو پارچەی چنراو بە جەوهەری وا کە لەم جۆرە پێشتر نەبینرابوو (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٩٦).

سامانیەکانیش لەکاتی سەردانی کردنی نێردراوی مەلیکی چین بۆلای (نصر بن احمد السامانی) کە وەفدەکە گەیشتون بە ناوچەی (بخاری) (نصر) فەرمانی کردوە کە تەواوی خانووەکان ڕاخرێن بە فەرشی جۆراوجۆر هەر خانویەک بەرەنگێک، لە دیوانخانەکەشی فەرشی چنراو بەزێڕ لەسەرەوە تاکۆتایی ڕاخراوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٤١).

(ابن الزبیر) لە باسی سەردانی وەفدی مەلیکی ڕۆم بۆ لای خەلیفەی فاطمی (الحاکم بأمر اللە) بۆ مصر، دەڵێ خەلیفە فەرمانی کردووە کە هەیوانی کۆشک بەفەرشی ڕایەخ دیواری ناوازە ڕابخەن، جگە لەوە فەرمانی داوە کە خەزێنەی فەرش بپشکنن بیست و یەک فەرش دۆزراوەتەوە کە گوایە ووتراوە لە نووسراوی ناو خەزێنەکە نووسرابوو لە کاری دەستی کۆیلەکانە لە داوی ئاوریشم و تێکەڵ کراو بە زێڕ، هەموو هەیوانەکان ڕاخراون لەگەڵ هەموو دیوارەکان فەرشی پێوە هەڵوسراوبوو، جۆرە پارچەک هەبووە لەم کاتەدا پێی ووتراوە (العسجدة) بۆ هەڵواسین وەکو کاغەز بووە لە زێڕ جورەها مرواری و گەورهەر گرانبەهای بەهەموو جۆرەکانیەوە پێوە بووە، کە ڕۆژ لێیداوە چاو نەیتوانیوە ببینێ لەبەر بریسکانەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥٠).

لە نێو ئەو پاشماوانەی لە کۆشکی (دار الجوهر) لە میسر دۆزرایەوە باسی ڕایەخێک دەکەن کە لە زێر دروست کرابوو، قورسیەکەی هەژدە ڕەتڵ بووە، گوایە هی (بۆران)ی کچی (حسن بن سهل) بووە کە دەکاتە خێزانی خەلیفە (مأمون) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥٦)، جگە لە کۆگای فەرش چوار هەزار بوخچەی ئاوریشمی خەسرەوانی زێڕین کە لە نێو هەر بوخچەیەک فەرشێکی مەجلیسی هەبوو لەگەڵ هەموو پارچە و تاقمەکانی بەیەک شێواز نەخشێنرابوون دۆزرایەوە(ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥٨).

### ٤.٣.پلە و پۆستە ئیدارییەکان

بەشێوەیەکی گشتی گەر سەیری کتێبی (الذخائر والتحف) بکەین لابەلا لە نێو بابەتەکاندا ئاماژە بە هەندێ پلە و پۆستی ئیداری کراوە لەم سەردەمانەی کە باسی لێوە کردووە، لە میانەی بابەتەکاندا ناوی هەندێ کەسایەتی هێناوە یاخود لە مەراسیمەکاندا باسی بوونی هەندێ پۆستی کردووە کە ئاماژەیە لەم سەردەمانەدا ئەم پلە وپۆستانە بوونیان هەبووە و بەم شێوەیە بووە، لە دیارترین ئەم پلە و پۆستە ئیداریانە جگە لە خەلیفە و والی وەزیر پلەی <u>(حاجب- پەردەدار)</u>ە کە لە زۆربەی بابەتەکانی پێشوازی نێردراوان بۆی لای خەلیفە باسی کردووە وا دیارە لەم سەردەمە پلەیەکی گرنگ بووە، بۆ نموونە کاتێ نێردراوی مەلیکی (چین) هاتووە بۆ لای (نصر بن أحمد السامانی) چل پەردەداری لەلابووە و هەر پەردەدارێک دە خزمەتکاری لەلا بووە، هەموو فەرمانەکانی ڕێگا پێدان و ڕێوڕەسم وە بەرێکردن لەلای پەردەدارەوە دەردەچوو (ابن الزبیر،١٩٥٩،١٤٥-١٤٦)، یاخود <u>(الخزان)</u> ئەو کەسەی کە چاودێر و بەڕێوەبەری خەزێنەی دەوڵەتە لەبەر ئەوەی خەزێنە گرنگ بووە، چەند جۆرێک خەزێنە هەبووە هەریەکەی تایبەت بووە بە جۆرە کەل و پەلێک بۆیە هەریەکەو (خەزان)ی خۆی هەبووە بۆ چاودێری و بەڕێوەبردن بۆ نموونە لە دەقێکدا باسی ئەوە دەکات کە خەلیفە (المعتصم) فەرمانی کردووە بە خەزان کە دەست بەجێ لە خەزێنەدا بۆیی بگەڕێ بۆ دۆزینەوە (شیر)ێک کە کاتی خۆی بەدیاری لەلایەن مەلیکی هیند بۆ خەلیفە (هارون الرشید) هاتووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢١). (المقریزي) باسی ئەوە دەکات کە جگە لە(خەزان) کەسی تریش لە ناو خەزێنەکان هەبوون وەک کارکەرو پاککەرەوەی خەزێنەکان کاریان دەکرد بە درێژایی ساڵ پاکیان دەکردەوە (٢،١٩٩٨/٢٩٠). جگە لە خەزێنەی جل و بەرگ ژمارەیەکی زۆر کرێکارو بەرگدروو بۆ کاری جۆر بە جۆری ناو خەزێنەکە کاریان دەکرد، موچەو داهاتێکی زۆر لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیان دابین کرابوو، جگە لە چاودێری خەزێنەکە موچەی مانگانەی ئەم کارمەندانە لە ڕۆژانی خەلیفە (المعتضد باللە) نزیکەی سێ هەزار دینار بووە، (الصابي،١٩٥،٢٠٠٦-١٩٦).

یاخود باسی ئەوە دەکرێ کە (الأمین) کە بووە بە خەلیفە لەدوای باوکی (هارون الرشید) ساڵی(١٩٣ک/٨٠٨ز) فەرمانی کردووە بە نووسەر و خەزان کە سەرژمێری خەزێنەی خەلیفە بکەن و پۆلینی بکەن بەپێی جۆری ئەو کەل و پەلانەی کە تیایدا هەیە ماوەی چوار مانگی ویستووە بۆ سەرژمێری ئەوەندەی کەل و پەل تیابووە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢١٤)، جگە لە باسی بوونی کەسێک دەکرێ کە نازانرێ چ پۆستێک بووە بۆ تام کردنی خواردنی خەلیفە بۆ نمونە ئەوەی خواردنی خەلیفە(طاهر باللە)ی تام دەکرد بەر لەوەی بیخوات (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٣٩).

یەکێکی تر لەو پۆستانەی کە (ابن الزبیر) زۆر گرنگی پێداوە ویستویەتی نیشانی بدات <u>(مترجم- وەرگێر)</u> بووە، بۆ نموونە لە باسی خەلیفە (المأمون) دا دەڵێ (مأمون) هەموو کات وەرگێری لەگەڵ بوو کە زمانەکانی (ڕۆمی- قبطی- نبطی) هەموو زمانەکانیان دەزانی لەگەڵ سەربازەکانی لێی جیانەدەبوونەوە بۆ هەموو شوێنێک لە گەشتەکانیشی (١٩٥٩، ١٠٣). ناوی یەکێک لە وەرگێرەکانی خەلیفە (المقتدر باللە)ی عەباسی لە ساڵی (٣٠٥ک/٩٦١ز) هێناوە کاتێ نێردراوی ڕۆمەکان هاتووە بۆ لای (أبو عمر بن عبدالباقي) ئامادە بووە

وەرگێرانی کردووە بۆ خەلیفە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٣٢-١٣٧) وە لەکاتی نێردراوی مەلیکی (چین) بۆ لای (نصر بن احمد الساماني) ناوی وەرگێرێک دەهێنێ لەم سەردەمە وەرگێرانی کردووە (أحمد بن عبدالواحد) (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٤٣)، جگە لەمانە باسی پۆستێک دەکرێ کە جیابووە لە پۆلیسی و خاوەن پۆلیس (خفیر) بووە کارو ئەرکی تایبەتمەند بۆ پارێزگاری و پاسەوانی و چاودێری کردن لەو کەسانەی کە لە ڕێگا چۆڵ و دورەکان دەگەڕێنەوە یاخود بەبیاباندا دەرۆشتن کە گوایە لەگەڵ نوێنەرانی مەلیکی چین نێردراون بۆ پاسەوانی کردنیان (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٥٠).

### ٥.٣. ئامێر و کەل و پەلی سەربازی و سوپا

لە کتێبی (الذخائر والتحف) لەگەڵێک شوێن کە باسی هەندێ شت کراوە ئاماژەیەو نیشانمان دەدات عەباسیەکان زۆر گرنگ و بایەخیان بە لایەنی سەربازی و چەک و تفاق داوە، تەنانەت زۆرجار ئەم کەل و پەلانە بەتایبەتی هی ناو کۆشک لە زێر دروست کراوە بۆ نمونە باسی کۆشکێک دەکات بە ناوی (فردوس) دەڵێ لە دەرگای دەرەوەی کۆشک لە ڕێرەوی دەرەوە تا دەرگای ژوورەوەی کۆشکەکە پێنج هەزار زرێپۆشی زێرین هەڵواسرابوو، دواتر ڕێرەوێکی تر دەهات لە دیواری ئەم ڕێڕەوەش لە هەردوولا نزیکەی دە هەزار قەڵغانی لە پێست دروست کراو، جگە لە کڵاو ئاسنی سەر بۆ پاراستنی سەرباز لەکاتی شەڕدا، جگە لە ڕێزبوونی چەندان گەنج و سەرباز بەجل و بەرگ و چەکی سەربازی و لە دەستەکانیان ئاسن و چەقۆ، لەگەڵ بوونی چەندان سەربازی لەڕەگەزی سەقاڵبە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ١٣٦).

لە بابەتی پاشماوەی خەلیفە و کاربەدەستان دەڵێ زۆرجار کە خەلیفەکان دەمردن لە خەزێنەکانیان چەک دەدزۆرایەوە ئەوەتا (أبو عباس سفاح) کە مرد پەنجا هەزار زرێپۆش و پەنجا شیر، دوو سەد هەزار ڕم و سی هەزار قەڵغان (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢١٣). (هارون الرشید) کەمردووە (أمین) فەرمانی کردووە خەزێنەکان سەرژمێری کەل و پەلیان بۆ بکرێ جگە لە هەموو جۆرە کەل و پەلێک چەندان جۆری چەکی تیا سەرژمێر کرا وەکو دە هەزار شیری ئاوزێر کراو، پەنجا هەزار شیری شاکری سەد و پەنجا هەزار تیر، سەد هەزار کەوان، هەزار زرێپۆشی تایبەت، پەنجا هەزار زرێپۆشی گشتی، بیست هەزار قەلغان سەرباری چەندان کەل و پەلی تری سەربازی (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢١٧)، بەهەمان شێوە (أحمد بن طولون) کە مرد جگە لەم هەموو میرات و سامانە چەندان کەل و پەلی سەربازی لەدوا ماوە لەوانە سەد ئامێری گواستنەوە بەهەموو کەل و پەلەکانیەوە، جگە لە چەندان سواری شەڕ دوو سەد و سی سوار (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٢٧)، کاتێ (بجکم) کوژرا ساڵی(٣٢٧ک/٩٣٨ز) جگە لە کەل و پەلی تر کەل و پەلی سەربازی لە چەک و شیر و جل و بەرگی سەربازی و شیری دوو سەر لە ماڵەکەی دۆزرایەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٣٠).

لە سەردەمی فاطمیەکان لە دوای لەناوچوونی (سعد الدولة) لە گەنجینەکان مەنجەنیق هەبوو، هەروەها ئاڵا یاخود پارچە قوماشی گەورە بۆ داپۆشینی کەل و پەلە سەربازییەکان و ئامێرەکان، جگە لە ئامێری بڕین کەلە میناو زومرود دروست کرابوو، حەوزی نەوت کە لەکاتی شەڕ بەکارهێنراوە، شیرو تیر و کەوان (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٥١- ٢٥٢).

باسی جۆرێک لە کەشتی دەکات کە پێی ووتراوە (الزبازب) کە لەسەردەمی (أبو عبدالله و أبو الحسن الزیدیان) کە لەکاتی چونیان لە بەصرە بۆ واسط بەکاریان هێناوە، کە زیاتریش بۆ گواستنەوەی کۆیلە بەکاریان هێناوە جێگەی بیست هەزار کۆیلەی تیابۆتەوە (ابن الزبیر، ١٩٥٩، ٢٤٩).

## ئەنجام

لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیە دەگەین بەم چەند خاڵە:

١. کتێبی (الذخائر والتحف) کتێبیکی گرنگە بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، هەرچەندە ژمارەی لاپەرەکانی زۆرنین بەڵام بەقەد ئەوماوەی نوسەر تیایدا ژیاوە زانیاری زۆر و ووردی لە بارەی شارستانیەتی ئیسلام تۆمار کردووە.
٢. نوسەر ڕێبازێکی پوخت و تۆکمەی گرتۆتە بەر لە وەرگرتنی زانیارییەکانی هەم لە ئاماژە دان بە سەرچاوەی زانیارییەکانی هەم ئەوەی کە خۆی شایەتحاڵ بووە، جگە لە دابەش کردن و پۆلێن کردنی بابەتەکانی جیاجیا تێکەڵنەکردنیان بەیەکتر.
٣. ئەم کتێبە گرنگیەکی زۆری هەیە لە بوارە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامی هەر لە سەردەمی ئومەویەکانەوە تا کۆتاییەکانی سەردەمی عەباسی، ئەوەی پەیوەندی بە هەڵس و کەوتی دەسەڵاتداران و مەراسیمی ناوەوە و دەرەوەی کۆشکەکانیان هەیە، جگە لەلایەنی بیناسازی و پاشماوەی کۆشک و خەزێنەکانیان.
٤. دیارترین دیاردەی شارستانی سەردەم لە نێو ئەم کتێبە تیشکی خراوەتە سەر ئەویش نیشاندانی ڕێوڕەسم و بۆنە تایبەتەکانی خەلیفە سەرکردەکان لەسەر ئاستی گشتی هەروەها لەسەر ئاستی تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بەخەلیفە خودی خۆی و بنەماڵەکەی لە بۆنەکانی هاوسەرگیری و بەیعەت دان و خەتەنەکردنی کوڕەکانیان و ئامادەکاری ئەو ئاهەنگانەی گێڕاویانە لە بۆنە دیارەکان.
٥. گرنگترین خاڵ لە ئەنجامی ئەو بابەتانەی کە باس کراوە لەم کتێبە ئەو پەیوەندیە سیاسی و دبلۆماسیانەیە کە لە نێوان خەلیفە و دەسەڵاتداران لە نێو خۆ و لە دەرەوە هەبووە، هەر لەمەشەوە ئاشنادەبین بە ئاستی سیاسی دبلۆماسیەتی وئابوری و شارستانی و پێشکەوتویی ئەو سەردەمە.

## لیستی سەرچاوەکان:


### ١.١. سەرچاوە ڕەسەنەکان:

الأصفهاني،(د.ت)،الأغاني،المحقق:سمیر جابر،دار الفکر،ط٣،بیروت.

ابن الجوزي،(١٩٩٢)،المنتظم في تاریخ الأمم والملوک،المحقق:محمد عبدالقادر عطا،دار الکتب لاعلمیة،ط١،بیروت

الجهشیاري،(١٩٨٨)،کتاب الوزراء والکتاب،قدم له الدکتور حسن الزین،دار الفکر الحدیث،بیروت.

ابن حوقل،(١٩٩٢)،صورة الأرض،دار مکتبة الحیاة للطباعة والنشر،د.م.

الخطیب البغدادي،(٢٠٠٢)،تاریخ بغداد،المحقق:دکتور بشار عواد،دار العربي،ط١،بیروت

ابن دقماق،(١٩٩٩)،نزهة الأنام في تاریخ الاسلام، المکتبةالعصریة، ط١، بیروت.

الذهبي،(١٩٨٥)،سير أعلام النبلاء،المحقق:مجموعة المحققين بأشراف شعيب أرناؤوط، ط٣،مؤسسة الرسالة،(د.م).
ابن الزبير،(١٩٥٩)،الذخائر والتحف،حققه:الدكتور محمد حميدالله،قدم له الدكتور صلاح المنجد،دائرة المطبوعات التراث العربي،الكويت.
الشابستي،(١٩٦٦)،الديارات،التحقيق:كوركيس عواد،مكتبة المثنى، ط٢، بغداد.
الطبري،(٢٠١٢)،تاريخ الرسل والملوك،دار الكتب العلمية،ط٥،بيروت.
ابن الطقطقي،(١٩٩٧)،الفخري في الأداب السلطانية،المحقق:عبدالقادر مايو،ط١،حلب.
الطبرسي،(د.ت)،مكارم الأخلاق،د.د،د.ط،بيروت.
الغزولي،(٢٠٠٠) مطالع البدور في المنازل السرور،مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.
الغساني،(١٩٥٧)،العسجد المسبوك والجوهر المحكوك لطبقة الخلفاء والملوك،المحقق:شاكر محمود عبدالمنعم،دار البيان،بغداد.
المسكويه،(٢٠٠٠)،تجارب االأمم و تعاقب الهمم،المحقق:أبو القاسم امامي، ناشر سروش، طهران
أبي الفداء،(د.ت)،المختصر في أخبار البشر،تحقيق:الدكتور محمد زينهم محمد عزب،تقديم:حسين مؤنس،دار المعارف.ط١،القاهرة.
المقريزي،(١٩٩٨)،المواعظ والأعتبار بذكر الخطط و الأثار،دار الكتب العلمية،ط١، بيروت.
المؤلف المجهول،(١٩٦٤)،كتاب العيون والحدائق في أخبار الحقائق،مكتبة المثنى، بغداد.
المسعودي،(١٤٠٩هـ)،مروج الذهب ومعادن الجوهر،تحقيق: أسعد داغر، دار الهجرة، قم.
ياقوت الحموى،(٢٠١١)،معجم البلدان،المحقق:فريد عبدالعزيز الجندي،دار الكتب العلمية، بيروت.

**١.٢. ژێدەرەکان(المراجع):**

أدم متز،(١٩٦٧)،الحضارة الأسلامية في القرن الرابع الهجري، ترجمة: محمد عبدالهادى أبو ريده،دار الكتاب العربي، بيروت.
الزركلي،(٢٠٠٢)،الأعلام،دار العلم الملايين،ط١٥،بيروت.
عبدالعزيز الدوري،(٢٠٠٨)،النظم الأسلامية،مركز الدراسات الوحدة العربية، ط١،بيروت.

**١.٣. گۆڤارەکان(المجلات):**

صبيح نوري،زينب عبدالحافظ جاسم،(٢٠١٤)،نفقات بيت المال الخاص للخلفاء العباسيين(١٥٨-٣٢٠هـ)،مجلة الدراسات التاريخية،جامعة البصرة، كلية التربية للبنات،العراق.
القدحات،(٢٠١٥)،مراسيم تولية الخلفاء ولاة عهودهم في العصر العباسي الأخير، مجلة الاداب و العلوم الاجتماعية،جامعة السلطان قابوس.

**پەراوێزەکان:**

([1]) تنيس:دورگەیەکە لە دەریای میسر لە وشکانی نزیکە،بە ناوی تنیس کچی دلوکە کراوە.،کە شاژنێک بووە،یەکەم کەس بووە بیناسازی کردووە لەم شارە بەناوی خۆی کردووە، شارێکی جوان و پڕ لە سەوزاییە لە وەرزێکدا جۆرەها باڵندەی هەیە کە لە شوێنی تردا نییە.(ياقوت الحموي،٢،٧٠،٢٠١١).

([2]) مرزبان بن سلطان الدولة بن بهاء الدولة بن عضد الدولة بن بويه،دەسەڵاتداری عیراق بووە لە دوای کورەمامی (جلال الدولة)ماوەی فەرمانڕەوایی پێنچ ساڵ بووە،چل و پێنچ ساڵ ژیاوە لە ساڵی٤٤٠ک/١٠٤٨ز لە کرمان مردووە.(الذهبي،١٧،١٩٨٥/٦٣١).

([3])إبراهيم بن احمد الأغلبي: القيرواني، بە آبو اسحاق ناسراو بوو،لە ساڵی(٢٦١ک/٨٧٢ز) ویلایەتی مەغریب دەگرێتە دەست، والیەکی توندو لێهاتوو بوو لە سەردەمی ئەودا بازرگانان بە ئازادی هاتوچۆیان دەکرد، لە شەری ڕووبەڕووبونەوەی شیعەکان بە سەرکردایەتی بانگخواز(عبيدالله المهدي)لە صقليە کوژرا ساڵی( ٢٨٩ک/٩٠٢ز).(الذهبي،٣،١٩٨٥/٤٨٧-٤٨٨).

([4]) ابو الحسين جوهر بن عبدالله جوهر الصقلي، بە جوهر رومي ناسرا بوو، بە ناوبانگترین سەرکردەیە لە مێژووی فەطمیەکان دامەزرێنەری شاری قاهیرە و مزگەوتی ئەزهەرە،لە ساڵی(٣١٦/٩٢٨ز) لە صقليە لە دایک بووە،پەروەردەیەکی سەربازی گەورەبووە پەیوەندی بە ریزی سوپا کردووە لە سەردەمی خەلیفەی فاطمی (المعزالدين الله)،ساڵی (٣٨١ک/٩٩٧ز) مردووە.(الذهبي،٣،١٩٨٥/٤٦٨).

([5]) المعز بن باديس:ابن باديس المعز بن باديس بن منصور الحميري،ساڵی( ٣٩٨ک/١٠١٠ز) لە دایک بووە،خاوەنی ئەفریقیا بوو لە سەردەمی خەلیفەی حەباسی (القائم بأمرالله) سەرکردەیەکی ئازاو بە هێز بەهیمەت بوو، حەزی لەزانست و زانیاری بوو، لە ساڵی (٤٥٤ك/١٠٦٣ز) مردووە.(الذهبي،١٨،١٩٨٥/١٤١).

([6]) خۆی لە (البدنة) هاتووە جۆرە جل و بەرگێکی تایبەت بووە بە خەلیفە لە چنین دا داوی تیا بەکار نەهاتووە بەڵکو بە زێر زۆر قایم دروست کراوە، زۆر درونی نەویستووە،بە نرخ بووە.(المقريزي،الخطط،١٧٧/١؛ ابن دقماق،٧٦/٢).

([7]) ابن الفرات:ناوی علي بن محمد بن موسى (ابو الحسن)یشی پێوتراوەساڵی(٢٤٠ک/٨٥٥ز)لە گوندێک لە نێوان بەغدا و واسط لە دایک بووە،نوسەر بووە کارو باری دیوانەکانی بەڕێوە بردووە لر ڕۆژانی خەلیفە (المكتفي)، لە سەردەمی (المقتدر بالله)سێ جار دەبێتە وەزیر و لادەدرێت لە ساڵی (٣١٢ک/٩٢٤ز) مردووە.(الذهبي،١٤،١٩٨٥/٤٧٤).

([8]) اميرالجيوش:بدر بن عبدالله الارمني الجمالي،والی دیمەشق بوو بەڕێوەی دەبرد لە جیاتی خەلیفەی فاطمی(المستنصر)لە ساڵی(٤٥٥ک/١٠٦٣ز) بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئازاوچاونەترس بوو،لەساڵی (٤٨٨ک/١٠٩٦ز)لە مصر مرد،لەدوای ئەو کوڕەکەی شوێنی گرتەوە.(الذهبي،١٩،١٩٨٥/٨١-٨٣).

## أهمية كتاب (الذخائر والتحف) في ظل الحضارة الإسلامية

**الملخص:**

يُعد كتاب "الذخائر والتحف" للقاضي الرشيد بن الزبير، الذي كُتب في القرن الخامس الهجري حوالي عام 463 هـ/1070 م، من الكتب النادرة والمتكاملة التي تضم معلومات قيّمة عن جوانب مختلفة من الحضارة الإسلامية. يعتبر الكتاب من احد الكتب النادرة تظم معلومات مهمة في مجالات عديدة لفترات الحضارة الأسلامية من ضمنها أقامة المراسيم والمناسبات التي كانت تقام من قبل الخلفاء والحكماء و خاصة الخلفاء العباسيين و حكامها، والأهم من ذلک ان معلومات المسجلة التي دونها المؤلف هي معلومات حقيقية و ذلک بسبب معايشة لتلک الفترة حيث موظفاً في الدولة وشهد الوقائع بصورة مباشرة . إلى جانب سيرة المؤلف ومنهجية تأليف الكتاب، تسعى هذه الدراسة إلى إبراز أهمية المعلومات الحضارية والنادرة التي وردت فيه، لا سيما تلك التي لم تُذكر في مصادر أخرى، مثل تبادل الهدايا بين الخلفاء والحكام، والمراسم كالزواج، والختان، والجنازات، وافتتاح القصور الجديدة، وتعيين الخلفاء، واستقبال الوفود والمبعوثين، والسلوك، والملابس، والمجوهرات، والعطور، والأثاث في قصورهم، فضلاً عن الآثار المتبقية.

**الكلمات المفتاحية:** ابن الزبي، الذخائر والتحف، الحضارة الإسلامية، المراسيم والمناسبات.

## THE IMPORTANCE OF THE BOOK (AL-ZKHAIR AND AL-TAHF) IN TERMS OF ISLAMIC CIVILIZATION

**ABSTRACT:**

Written in the fifth century AH around (463 AH/1070 AD), Al-Qazi al-Rashid ibn al-Zubayr's book (Al-Dhakhair wa al-Tahf) is one of the rare and coherent books that contain important information on various aspects of the periods of Islamic civilization. This includes the ceremonies and occasions hosted by the Abbasid caliphs and rulers during the period in which the author lived. More importantly, the author himself was a state employee, and he directly witnessed some of the information that he recorded. In addition to the author’s biography and the methodology of writing the book, this study seeks to highlight the importance of the rare and civilizational information contained within the book, especially that which was not mentioned in other sources, such as the exchange of gifts between caliphs and rulers, ceremonies such as marriage, circumcision, funerals, the opening of new palaces, the appointment of caliphs, the reception of delegations and envoys, behavior, clothing, jewelry, perfumes, and furniture in their palaces, as well as the remaining antiquities.

**Keywords:** Ibn al-Zubayr, Al-Zukhair al-Tahf, Islamic Civilization, Ceremonies and Occasions.